مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# صحة التسجيلات الصوتية كدليل جنائي

**عبد الله عبد الرحمن فقي عبد الله**

Abdullah.abdulrahman@chu.edu.iq

**كلية الحقوق، مركز چەرموو للبحوث والتدريب والاستشارات، جامعة چەرموو ، جمجمال، إقليم كردستان، العراق.**

**الكلمات المفتاحية**: الصلاحية، التسجيل الصوتي، الأدلة، الأدلة الجنائية, الجنائي

**كيفية اقتباس البحث**

عبد الله , عبد الله عبد الرحمن فقي , صحة التسجيلات الصوتية كدليل جنائي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Validity of audio recordings in criminal evidence

**Abdullah Abdul Rahman Faqi Abdullah**
**1Department of , College of , University of , Kurdistan Region, Iraq.**
Abdullah.abdulrahman@chu.edu.iq

**Keywords** : validity, audio recording, evidence, criminal evidence. criminal

**How To Cite This Article**
Abdullah , Abdullah Abdul Rahman Faqi , Validity of audio recordings in criminal evidence ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This paper addresses a sensitive and contemporary topic, namely, the "legal validity of audio recordings" as evidence in criminal investigations and proofs. With the proliferation of technology and smart devices, classical methods of proof are no longer capable of tackling complex crimes alone, so resorting to audio recordings has become an inevitable necessity. The study points out that although these records have great accuracy and potential in revealing the truth, their use without due regard to the law can lead to violations of the right to privacy and personal freedoms protected by the constitution and international law. Hence, the study highlights the uncertain balance that needs to be struck between "getting the truth" and "protecting the dignity and privacy of the individual". In order for an audio recording to be considered legal (legitimate) evidence before a court, it needs to be under the supervision of the judiciary and in accordance with legal procedures, not in a haphazard manner that violates fundamental rights. Finally, the researcher emphasizes that legal texts should be redesigned to adapt to technological changes and define clear limits on the use of such evidence so that it does not become a tool to threaten human freedoms, while remaining powerful

tools for upholding justice. In this study, a combination of scientific methods appropriate to the nature of legal matters, above all the descriptive-analytical method, was used to describe the concept of audio recordings and analyze legal texts contained in the Criminal Code and Principles of Criminal Procedure. Also, the comparative method has been followed through comparing the national legal system with some of the laws and regulations of other countries and international agreements, so as to better understand the direction in which global developments in this area have gone. In addition, the study used critical methods to identify gaps and shortcomings in the laws regarding the validity of electronic evidence, especially thanks to the advancement of artificial intelligence. Thus, the paper does not stop at just describing the theory, but tries, through careful and comparative interpretation, to arrive at conclusions and recommendations that serve the reality of justice and the protection of rights and freedoms.

ملخص

تتناول هذه الورقة موضوعًا حساسًا ومعاصرًا، ألا وهو "الصحة القانونية للتسجيلات الصوتية" كدليل في التحقيقات الجنائية. مع انتشار التكنولوجيا والأجهزة الذكية، لم تعد أساليب الإثبات التقليدية قادرة على معالجة الجرائم المعقدة بمفردها، لذا أصبح اللجوء إلى التسجيلات الصوتية ضرورة حتمية. تشير الدراسة إلى أنه على الرغم من دقة هذه التسجيلات وإمكاناتها الكبيرة في كشف الحقيقة، إلا أن استخدامها دون مراعاة القانون قد يؤدي إلى انتهاكات للحق في الخصوصية والحريات الشخصية التي يكفلها الدستور والقانون الدولي. ومن ثم، تسلط الدراسة الضوء على التوازن الدقيق المطلوب تحقيقه بين "الوصول إلى الحقيقة" و"حماية كرامة الفرد وخصوصيته". لكي يُعتبر التسجيل الصوتي دليلاً قانونياً (صحيحاً) أمام المحكمة، يجب أن يتم تحت إشراف السلطة القضائية ووفقاً للإجراءات القانونية، لا بطريقة عشوائية تنتهك الحقوق الأساسية. ويؤكد الباحث في الختام على ضرورة إعادة صياغة النصوص القانونية لتواكب التغيرات التكنولوجية، وتحديد حدود واضحة لاستخدام هذا النوع من الأدلة، حتى لا يتحول إلى أداة لتهديد الحريات الإنسانية، مع الحفاظ على فعاليته كأداة لإرساء العدالة. في هذه الدراسة، استُخدم مزيج من الأساليب العلمية الملائمة لطبيعة المسائل القانونية، ولا سيما المنهج الوصفي التحليلي، لشرح مفهوم التسجيلات الصوتية وتحليل النصوص القانونية الواردة في قانون العقوبات ومبادئ الإجراءات الجنائية. كما تم اتباع المنهج المقارن من خلال مقارنة النظام القانوني الوطني ببعض القوانين واللوائح في دول أخرى والاتفاقيات الدولية، وذلك لفهم أفضل

لاتجاهات التطورات العالمية في هذا المجال. إضافةً إلى ذلك، استخدمت الدراسة أساليب نقدية لتحديد الثغرات والقصور في القوانين المتعلقة بصحة الأدلة الإلكترونية، لا سيما في ظل التقدم الذي أحرزه الذكاء الاصطناعي. وبالتالي، لا تقتصر هذه الورقة البحثية على وصف النظرية فحسب، بل تسعى، من خلال تفسير دقيق ومقارن، إلى التوصل إلى استنتاجات وتوصيات تخدم واقع العدالة وحماية الحقوق والحريات.

## ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە بەڵگەی تاوانکاریدا


**ناوی توێژەر : عبدالله عبدالرحمن فقي عبدالله**

abdullah.abdulrahman@chu.edu.iq

یاسا ، سەنتەری چەرموو بۆ توێژینەوەو ڕاهێنان و ڕاوێژکاری ، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان ، عراق.



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە بابەتێکی هەستیار و هاوچەرخ دەکات کە ئەویش "ڕەوایەتی یاسایی تۆمارە دەنگییەکانە" وەک بەڵگەیەک لە لێکۆڵینەوە و سەلماندنی تاواندا. لەگەڵ تەشەنەکردنی تەکنەلۆژیا و ئامێرە زیرەکەکان، شێوازە کلاسیکییەکانی سەلماندن چیتر بەتەنها توانای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئاڵۆزەکانیان نەماوە، بۆیە پەنابردن بۆ تۆمارە دەنگییەکان بووەتە پێویستییەکی حەتمی. توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە ئەم تۆمارانە وردی و توانایەکی زۆریان هەیە لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان، بەڵام بەکارهێنانیان بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا دەکرێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی و ئازادییە کەسییەکان کە دەستوور و یاسا نێودەوڵەتییەکان پاراستوویانە. لێرەوە، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو هاوسەنگییە نادیارەی کە پێویستە لە نێوان "گەیشتن بە ڕاستی" و "پاراستنی شکۆ و تایبەمەندێتی تاک"دا هەبێت. بۆ ئەوەی تۆمارێکی دەنگی وەک بەڵگەیەکی یاسایی (ڕەوا) لەبەردەم دادگا هەژمار بکرێت، پێویستە لەژێر چاودێری دەسەڵاتی دادوەری و بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بێت، نەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کە مافە بنەڕەتییەکان پێشێل بکات. لە کۆتاییدا، توێژەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە دەقە یاساییەکان بە جۆرێک دابڕێژرێنەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکاندا بگونجێن و سنوورێکی ڕوون بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە بەڵگانە دیاری بکەن تاوەکو نەبنە ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن لە ئازادییەکانی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا وەک کەرەستەیەکی بەهێز بۆ چەسپاندنی دادپەروەری بمێننەوە.


**کلیلە وشەکان:** ڕەوایەتی، تۆماری دەنگی، بەڵگە، بەڵگەی تاوانکاری.

## پێشەكی

له سەردەمی ئێستاماندا، جیهان بەدەست گۆڕانكارییەكی خێرا و گەورەی تەكنەلۆژییەوە دەناڵێنێت كە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر هەموو كایەكانی ژیان، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندییەكان و ئامێرە زیرەكەكاندا. ئەم پێشكەوتنە وایكردووە كە شێوازە كلاسیكییەكانی سەلماندنی تاوان، كە پێشتر تەنها لە شایەتحاڵی و دانپێدانان و بەڵگەی نووسراودا كورت دەبووەوە، چیتر بەتەنها توانای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئاڵۆزەكانی ئەمڕۆیان نەمێنێت. لەم سۆنگەیەوە، تۆمارە دەنگییەكان وەک یەكێک لە بەرهەمە گرنگەكانی تەكنەلۆژیا هاتوونەتە ناو كایەی یاسایی و دادوەرییەوە. ئەم جۆرە بەڵگانە بەهۆی وردی و توانای گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداوەكان، بوونەتە جێگەی سەرنجی لێكۆڵەران و دادوەران. بەڵام لە هەمان كاتدا، ئەم پێشكەوتنە ئاڵنگارییەكی گەورەی بۆ چەمكی "بەڵگەی یاسایی" دروست كردووە، چونكە بەكارهێنانی ئامێری تۆماركردن دەكرێت بە ئاسانی ببێتە هۆی پێشێلكردنی سنوورەكانی تاک و تێكدانی ئەو بنەما نەگۆڕانەی كە دادپەروەری لەسەر بونیاد نراوە، ئەمەش وایكردووە كە لایەنە یاساییەكان بە وریاییەكی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەوایەتی ئەم بەڵگانەدا بكەن.

یەكێک لە ئاڵۆزترین لایەنەكانی ئەم بابەتە، بریتییە لەو ململانێیە بەردەوامەی لەنێوان دوو بەرژەوەندیی دژبەیەكدا هەیە؛ لە لایەكەوە دەوڵەت و كۆمەڵگا هەوڵ دەدەن هەموو ئامرازێک بەكاربهێنن بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و سزادانی تاوانباران بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی، لە لایەكی تریشەوە مافی تاک هەیە لە پاراستنی نهێنی و ژیانی تایبەتی خۆی، تۆماركردنی دەنگی مرۆڤ بەبێ ئاگاداری یان ڕەزامەندی خۆی، دەكرێت وەک هێرشێک بۆ سەر شكۆی مرۆڤ و ئازادییە شەخسییەكانی هەژمار بكرێت كە دەستوور و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان پارێزگاری لێدەكەن. بۆیە، ڕەوایەتی تۆماری دەنگی تەنها پەیوەست نییە بەوەی كە ئایا تاوانەكە دەسەلمێنێت یان نا، بەڵكو پەیوەستە بەوەی كە ئایا ئەو بەڵگەیە بە ڕێگەیەكی ڕەوا و یاسایی بەدەست هاتووە یان لەڕێگەی سیخوڕی و شكاندنی حەرەمی ماڵ و ژیانی خەڵكەوە بووە. دادگاكان لێرەدا دەبێت لەسەر هێڵێكی زۆر باریک كار بكەن، تاوەكو ڕێگری بكەن لەوەی گەڕان بەدوای دادپەروەریدا نەبێتە هۆی دروستكردنی نادادییەكی گەورەتر لە ڕێگەی پێشێلكردنی مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤەوە.

بۆ ئەوەی تۆمارێكی دەنگی وەک بەڵگەیەكی یاسایی لەبەردەم دادگای تاوانەكاندا كاری پێ بكرێت، پێویستە كۆمەڵێک مەرجی توند و وردی تێدا بێت كە یاسا و ڕێكارە دادوەرییەكان دیاریيان كردووە. گرنگترینی ئەم مەرجانە ئەوەیە كە تۆماركردنەكە دەبێت بە فەرمانی دادوەر یان لایەنی پەیوەندیدار بێت و لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەیەكی فەرمیدا بێت، نەک كردەوەیەكی سەرپێچییانەی كەسی بێت. جگە لە لایەنە ڕێكارییەكە، لایەنە تەكنیكییەكەش ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوە دەگێڕێت؛ بەو پێیەی لە ئێستادا بەهۆی ژیریی دەستكرد و بەرنامە پێشكەوتووەكانی دەستكاری دەنگ، ئەگەری ساختەكردن و گۆڕینی دەنگەكان زۆر زیادی كردووە. بۆیە دادگا پێویستی بەوەیە دڵنیابێتەوە لەوەی كە تۆمارەكە ڕەسەنە و هیچ دەستكارییەک یان بڕین و لكاندنێكی تێدا نەكراوە. ڕەوایەتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە بتوانێت گومانی دادوەر بڕەوێنێتەوە و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی قەناعەتی ویژدانی، بەبێ ئەوەی هیچ گومانێک لەسەر دروستیی ناوەڕۆکەکەی یان شەرعیەتی بەدەستهێنانی هەبێت، چونکە هەر کەمکورپییەک لەم لایەنانەدا دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بەڵگەکە لە دۆسیەکە.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو بنەما و چوارچێوە یاساییە وردانەی کە ڕەوایەتی دەبەخشنە تۆمارە دەنگییەکان وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ سەلماندنی تاوان لە دادگاکاندا. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییە بداتەوە کە ئایا دەقە یاساییەکانی ئێستا تا چەند گونجاون لەگەڵ سروشتی گۆڕاوی تاوانەکان لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، و ئایا دادوەر دەتوانێت پشت بە چ دەسەڵاتێکی ئیختیاری ببەستێت بۆ وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە بەڵگانە. هەروەها، ئامانجمانە تیشک بخەینە سەر ئەو مەرجە ڕێکارییانەی کە پێویستە لە کاتی بەدەستهێنانی تۆمارە دەنگییەکاندا ڕەچاو بکرێن، تاوەکو دڵنیایی بدرێت لەوەی کە بەڵگەکە بە ڕێگەیەکی شەرعی بەدەست هاتووە و تووشی پوچەڵبوونی یاسایی نەبووە. لێرەوە، توێژینەوەکە دەبێتە هەوڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سنوورە لێڵانەی کە لە نێوان "بەڵگەی تەکنیکی ڕێگەپێدراو" و "پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندی"دا هەن، بە جۆرێک کە یارمەتی پارێزەران و دادوەران بدات لە تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە ئامرازە نوێیانەی سەلماندن.

ئامانجێکی تری گرنگی ئەم بابەتە، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی هێزی ئیقناعکردنی تۆمارە دەنگییەکان وەک بەڵگەیەکی سەربەخۆ یان وەک تەواکەری بەڵگەکانی تر لە خولقاندنی قەناعەتی ویژدانی لای دادوەر. توێژینەوەکە بە وردی لەو ئاستەنگە تەکنیکییانە دەکۆڵێتەوە کە ڕەنگە ڕەسەنایەتی دەنگەکە بخەنە ژێر پرسیارەوە، وەک ئەگەری دەستکاریکردن یان مۆنتاژکردن بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی مافی تۆمەتبار لە دادگاییەکی دادپەروەرانەدا. جگە لەوە، توێژینەوەکە دەخوازێت هاوسەنگییەک لە نێوان دوو بەرژەوەندیی گرنگدا دروست بکات: یەکەمیان پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان، دووەمیشیان پاراستنی مافی مرۆڤ لەوەی ژیانی تایبەتی و نهێنییەکانی نەبنە قوربانیی بەکارهێنانی نایاسایی ئامێرەکانی تۆمارکردن. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی کۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردەی یاسایی پێشکەش بە دامەزراوە یاساییەکان و یاسادانەر بکات، بۆ ئەوەی ڕێسای نوێ و گشتگیر دابڕێژرێت کە بتوانێت پارێزگاری لە شکۆی مرۆڤ بکات و لە هەمان کاتدا ڕێگری لە تاوانباران بکات کە سوود لە بۆشایە یاساییەکان وەربگرن بۆ دەربازبوون لە سزا.

## گرنگی توێژینەوە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە سەر یەکێک لە هەستیارترین و نوێترین بابەتەکانی بواری یاسای سزایی و بنەماکانی دادگاییکردن، کە ئەویش پرسی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە لە خزمەت دادپەروەریدا .لە کاتێکدا کە تاوانەکان شێوازی جۆراوجۆر و ئاڵۆزیان وەرگرتووە، پێویستییەکی مێژوویی هەیە بۆ پێداچوونەوە بەو بەڵگانەی کە دادگا دەتوانێت پشتیان پێ ببەستێت .ئەم توێژینەوەیە لە لایەکەوە خزمەت بە سیستەمی دادوەری دەکات لە ڕێگەی دیاریکردنی پێوەرە زانستییەکان بۆ جیاکردنەوەی تۆمارە دەنگییە ڕەسەنەکان لەوانەی کە دەستکاری کراون، بەمەش ڕێگری لە ونبوونی ڕاستییەکان دەکات .لە لایەکی تریشەوە، گرنگییەکەی لە ڕەهەندە مرۆییەکەیدایە، چونکە وەک قەڵغانێک کار دەکات بۆ پاراستنی حەرەمی ژیانی تایبەتی تاکەکان لە هەر دەستوەردانێکی نایاسایی کە بەناوی کۆکردنەوەی بەڵگەوە ئەنجام دەدرێت .جگە لەوە، ئەم کارە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ بۆ توێژەران و قوتابیانی یاسا و پارێزەران تاوەکو لەو ئاڵۆزییە تێبگەن کە لە نێوان دەقە یاساییە کلاسیکییەکان و واقیعی تەکنەلۆژیی ئەمڕۆدا هەیە .لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە بایەخی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفی و یاساییەی لە کتێبخانەی کوردیدا هەیە سەبارەت بە بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان، و هانی یاسادانەر دەدات بۆ هەموارکردنەوەی یاساکان بە جۆرێک کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێن.

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

١. ئایا لە ڕووی دەقە یاساییەکانەوە (یاسای سزادان و بنەماکانی دادگاییکردن)، تۆماری دەنگی تا چەند وەک بەڵگەیەکی شەرعی دەناسرێت و مەرجە یاساییەکان بۆ وەرگرتنی چین؟

٢. تۆماری دەنگی تا چەند دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ دروستکردنی قەناعەتی ویژدانی لای دادوەر؟

٣. چۆن هاوسەنگی ڕادەگیرێت لەنێوان بەکارهێنانی تۆماری دەنگی وەک بەڵگە و پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ ژیانی تایبەتی؟

٤. ئاستەنگە تەکنیکییەکان و کاریگەرییەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر ڕەسەنایەتی تۆماری دەنگی چین؟

٥. ئایا بۆشاییە یاساییەکان لە یاسای نیشتمانیدا سەبارەت بە بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان چین و چۆن پڕ دەکرێنەوە؟

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە تێکەڵەیەک لە میتۆدە زانستییەکان بەستراوە کە لەگەڵ سروشتی بابەتە یاساییەکاندا دەگونجێن، لە سەروو هەمووشیانەوە میتۆدی وەسفی-شیکاری ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی چەمکی تۆمارە دەنگییەکان و شیکردنەوەی ئەو دەقە یاساییانەی کە لە یاسای سزادان و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزاییدا هاتوون، بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی یاسادانەر لەگەڵ ئەم جۆرە بەڵگانەدا. هەروەها، میتۆدی

بەراوردکاری پەیڕەو کراوە لە ڕێگەی بەراوردکردنی سیستەمی یاسایی نیشتمانی لەگەڵ هەندێک لە یاسا و ڕێساکانی وڵاتانی تر و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، تاوەکو باشتر بزانرێت پەرەسەندنە جیهانییەکان لەم بوارەدا بە چ ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتوون. جگە لەمانە، توێژینەوەکە سوودی لە میتۆدی ڕەخنەیی وەرگرتووە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بۆشایی و کەمکوڕییانەی لە یاساکاندا هەن سەبارەت بە ڕەوایەتی بەڵگە ئەلیکترۆنییەکان، بەتایبەت لە سایەی پێشکەوتنی ژیریی دەستکرددا. بەم شێوەیە، توێژینەوەکە تەنها لە وەسفکردنی تیۆری ناوەستێت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لێکدانەوەی ورد و بەراوردکارییەوە، بگەیتە ئەنجام و پێشنیارێک کە خزمەت بە واقیعی دادوەری و پاراستنی ماف و ئازادییەکان بکات.

## تەوەرەی یەکەم: تۆمارە دەنگییەکان

تۆماری دەنگی لە ڕووی زمانەوانی و فەرهەنگییەوە بە واتای پاراستن و جێگیرکردنی ئەو شەپۆلە دەنگییانە دێت کە لە مرۆڤ یان هەر سەرچاوەیەکی ترەوە دەردەچن، بە مەبەستی گوێگرتنەوە لێیان لە کاتێکی تردا. لە ڕووی یاساییەوە، ئەم چەمکە پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ چونکە تەنها وەک دەنگێکی ئاسایی سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی تەکنیکی سەلماندن پێناسە دەکرێت کە دەبێتە ڕەنگدانەوەی ڕاستی و متمانەپێکراوی لەبەردەم دادگادا. زۆربەی توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە کە تۆماری دەنگی بریتییە لە جێگیرکردنی قسە و گفتوگۆکان لەسەر ناوەندێکی ماددی (وەک شریتی موگناتیسی یان فایلی دیجیتاڵی) بە بەکارهێنانی ئامێری تایبەت، بە شێوەیەک کە شوناسی خاوەن دەنگەکە و ناوەڕۆکی قسەکانی تێدا بپارێزرێت و وەک بەڵگەیەک دژی یان بۆ بەرژەوەندی کەسێک بەکاربهێنرێت (جیاد، ٢٠١٥: ٣٢٥).

لەلایەکی ترەوە، تۆماری دەنگی وەک "وەرگرتنی شەپۆلە دەنگییەکان و گۆڕینیان بۆ ئاماژەی کارەبایی یان دیجیتاڵی" پێناسە دەکرێت کە دەکرێت لە هەر کاتێکدا بێت بگۆڕدرێنەوە بۆ دەنگی بیستراو. ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر لایەنە تەکنیکییەکەی دەکاتەوە، بەو پێیەی دەنگ سیفەتێکی بایۆمەتری تایبەتە بە مرۆڤ و هەرگیز لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دووبارە نابێتەوە. یاسادانەران لە وڵاتانی جیاوازدا، هەرچەندە پێناسەیەکی یەکگرتوویان بۆ دانەناوە، بەڵام وەک "ئامرازێکی پەیوەندی" مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە دەکرێت نهێنییەکانی تێدا بێت. لێرەوە گرنگی تۆمارەکە لەوەدایە کە دەبێتە "شایەتێکی بێدەنگ" کە بە وردی ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە کات و شوێنی دیاریکراودا وتراوە، ئەمەش وای کردووە لایەنە یاساییەکان بە وردی لەسەر مەرجەکانی بەدەستهێنانی بوەستن (التميمي، ٢٠١٤: ٢٢).

لە ڕوانگەی یاسای سزاییەوە، تۆماری دەنگی بە بەشێک لە "بەڵگەی تەکنیکی" یان "بەڵگەی زانستی" هەژمار دەکرێت کە جێگەی شایەدی شایەتحاڵەکان دەگرێتەوە لە کاتێکدا ئەوان دەبنە لایەنگیری یان ڕاستییەکان لەبیر دەکەن. ئەم تۆمارە دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی دانپێدانانی تۆمەتبار یان لێدوانی قوربانی، بە مەرجێک ئەو ئامێرانەی بەکارهاتوون متمانەپێکراو بن. هەندێک لە یاساناسان پێیان وایە کە تۆماری دەنگی تەنها ئامرازێک نییە بۆ بیستنی وشە، بەڵکو ڕێگەیەکە

بۆ تێگەیشتن لە باری دەروونی و هەستی کەسەکە لە کاتی قسەکردندا، ئەمەش بەهایەکی زیاتر بە بەڵگەکە دەبەخشێت لە کاتی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، چونکە نبرەی دەنگ و شێوازی دەربڕین زۆر گۆڕانکاری و ڕاستی ئاشکرا دەکەن (ساسي، ٢٠١٧: ٤٤).

جگە لەمانە، تۆماری دەنگی لە جیهانی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا وەک "داتای ئەلیکترۆنی" پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەی بەرنامە و ئەپلیکەیشنە جیاوازەکانەوە دروست دەکرێت. ئەم پێناسە نوێیە وای کردووە کە تۆمارە دەنگییەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (وەک ڤۆیس مێسج) وەک جۆرێک لە تۆماری دەنگی شەرعی سەیر بکرێن. گرنگی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە دەنگ لێرەدا تەنها یەکەی بیستراو نییە، بەڵکو کۆدێکی دیجیتاڵییە کە دەکرێت شیبکرێتەوە و ڕەسەنایەتییەکەی دیاری بکرێت (منيرة، ٢٠٢٣: ١٦٠١-١٦٠٢).

بەشێوەیەکی گشتی تۆماری دەنگی بریتییە لە "جێگیرکردنی شەپۆلە دەنگییەکانی مرۆڤ بە ڕێگەی تەکنیکی و زانستی لەسەر ئامێرێکی پێشکەوتوو، بە مەبەستی بەکارهێنانی وەک بەڵگەیەکی سەلماندن لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری". ئەم پێناسەیە هەموو لایەنە زمانەوانی، تەکنیکی و یاساییەکان کۆدەکاتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەرجی سەرەکی بۆ هەر تۆمارێکی دەنگی ئەوەیە کە بتوانرێت ڕەسەنایەتییەکەی بسەلمێنرێت و لەژێر چاودێری یاسادا بێت، چونکە بەبێ ئەم مەرجانە، تۆماری دەنگی تەنها ژاوەژاوێکی بێ مانا دەبێت کە هیچ کێشێکی یاسایی لە تەرازووی دادپەروەریدا نابێت (جفال، ٢٠١٨: ٧٠). ئەمانەی خوارەوە دیارترین جۆرەکانی تۆماری دەنگین:

**أ- تۆماری تەلەفۆنی** :ئەم جۆرە بریتییە لە گوێگرتن و تۆمارکردنی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە ڕێگەی هێڵە تەلەفۆنییەکان یان تۆڕەکانی پەیوەندییەوە ئەنجام دەدرێن. تۆماری تەلەفۆنی یەکێکە لە باوترین و کاریگەرترین ڕێگاکانی لێکۆڵینەوە، بەتایبەت لە تاوانە ڕێکخراوەکان و تیرۆردا. گرنگی ئەم جۆرە لەوەدایە کە زۆرجار تۆمەتباران لە کاتی قسەکردنی تەلەفۆنیدا زیاتر هەست بە ئارامی دەکەن و ڕاستییەکان دەدرکێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆیە لە نهێنییەکانی مرۆڤ، زۆربەی یاساکان مەرجی زۆر توندیان بۆ داناوە، لەوانە هەبوونی گومانێکی بەهێز لەسەر ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە و هەبوونی فەرمانی نووسراو لەلایەن دادوەر یان داواکاری گشتییەوە (شفتر، ٢٠١٤: ٢٧٩). ئەم جۆرە تۆمارە تەنها پەیوەندییە دەنگییە ئاساییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکانی سەر ئینتەرنێتیش دەگرێتەوە. لە ڕووی یاساییەوە، تۆماری تەلەفۆنی دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز ئەگەر بە وردی لەژێر چاودێری لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بێت و پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی شریتەکان بکرێت. مەترسی ئەم جۆرە لەوەدایە کە ئەگەر مۆڵەتی پێویست نەبێت، هەموو ئەو بەڵگانەی لێیەوە پەیدا دەبن پوچەڵ دەبنەوە. یاسادانەر جەخت دەکاتەوە کە نابێت تەلەفۆنی هیچ کەسێک تۆمار بکرێت مەگەر بۆ بەرژەوەندییەکی گشتی باڵا نەبێت کە دادگا دیاری دەکات، ئەمەش بۆ ڕێگریکردنە لەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم ئامرازە بۆ مەبەستی سیاسی یان شەخسی بەکاربهێنێت (الدرابيع، ٢٠٢٣: ٥٨-٦٣).

**ب- تۆماری ڕاستەوخۆ لە شوێنە تایبەتەکان** :ئەم جۆرە بریتییە لە بەکارهێنانی ئامێری تۆمارکردنی ورد و شاراوە لەو شوێنانەی کە کەسەکان وا هەست دەکەن تایبەتمەندییان پارێزراوە، وەک ماڵ، ئۆفیس یان ئۆتۆمبێل. ئەم جۆرە تۆمارکردنە زۆر هەستیارە، چونکە مرۆڤ لە ماڵەکەیدا بەوپەڕی ئازادییەوە قسە دەکات. لە ڕووی یاساییەوە، تۆمارکردنی قسەی کەسێک لە ناو ماڵەکەیدا بەبێ ئاگاداری، بە پێشێلکردنی "حەرەمی ماڵ" هەژمار دەکرێت کە دەستوور پاراستوویەتی. تەنها لە حاڵەتێکدا ڕێگەپێدراوە کە مۆڵەتێکی تایبەتی دادوەری هەبێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی تاوانێک کە بە ڕێگەی تر نادۆزرێتەوە (العجارمة، ٢٠١٩: ٤٨-٥٣). هەروەها، ئەم جۆرە تۆمارکردنە دەکرێت لەلایەن یەکێک لە قسەکەرەکان خۆیەوە ئەنجام بدرێت (بۆ نموونە کەسێک مۆبایلەکەی لە گیرفانی بێت و قسەی بەرامبەرەکەی تۆمار بکات). لێرەدا کێشەیەکی یاسایی دروست دەبێت؛ ئایا ئەمە ڕەوایە؟ یاساکان لێرەدا دابەش دەبن، بەڵام بە گشتی ئەگەر تۆمارکردنەکە بۆ پاراستنی مافێکی شەرعی بێت و پێشێلکردنی ژیانی کەسی بەرامبەر نەبێت، هەندێک دادگا وەک "بەڵگەیەک بۆ قوربانی" وەری دەگرن. بەڵام ئەگەر مەبەست لێ ناوزڕاندن یان هەڕەشە بێت، ئەوا دەبێتە تاوانێکی سزایی. لێرەدا گرنگە بزانرێت کە "شوێنی تایبەت" لای یاسادانەر ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە ئاسایی ڕێگە نادات کەسی بێگانە لێی بێت، بۆیە پاراستنی دەنگ لەو شوێنانەدا ئەولەویەتە (الباليساني، ٢٠١٩: ٣٦٧).

**ج- تۆماری دیجیتاڵی و چاودێری ئەلیکترۆنی:** لەم سەردەمەدا ئەم جۆرە بووەتە باوترین، کە بریتییە لە تۆمارکردنی دەنگ لە ڕێگەی سیستمە زیرەکەکان، کامێرای چاودێری دەنگدار، و بەرنامەکانی سیخوڕی ئەلیکترۆنی. ئەم جۆرە تەنها قسەی ئاسایی ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە دەنگیانە دەگرێتەوە کە لە فەزای مەجازیدا ئەنجام دەدرێن. جیاوازی ئەم جۆرە لەوەدایە کە دەنگەکە ڕاستەوخۆ دەبێتە داتایەک و لە "سێرڤەر"ەکاندا دەمێنێتەوە. یاسادانەرانی وەک فەلەستین و جەزائیر یاسای تایبەتیان بۆ "تاوانە ئەلیکترۆنییەکان" دەرکردووە تاوەکو شەرعیەت بدەنە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تۆمارانە لە سەلماندنی تاوانە تەکنەلۆژییەکاندا (محمود و دراج، ٢٠٢٢: ٢٩). مەترسی گەورەی تۆماری دیجیتاڵی لەوەدایە کە ئەگەری دەستکاریکردن و مۆنتاژکردنی زۆرە. بۆیە ئەم جۆرە تۆمارە کاتێک وەک بەڵگە دەگیرێت کە پسپۆڕانی تەکنیکی بڕوانامەی ڕەسەنایەتی بۆ دەربکەن. ئەم جۆرە تۆمارکردنە زۆرجار لە شوێنە گشتییەکانیش ئەنجام دەدرێت (وەک مارکێت و شەقامەکان)، کە لێرەدا ڕەوایەتییەکەی زیاترە چونکە کەسەکە لە شوێنێکی گشتییە و چاوەڕوانی تایبەتمەندی تەواو ناکات. بەڵام هێشتا پاراستنی لایەنە مرۆییەکە گرنگە و نابێت ئەم چاودێرییە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی خەڵک (نورالدين و مراد، ٢٠٢٢: ٣٢-٣٤).

سروشتی یاسایی تۆماری دەنگی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە فقهی یاساییدا جێگەی مشتومڕە. ئایا ئەم تۆمارە بەڵگەیەکی سەربەخۆیە یان تەنها وەک "بەڵگەیەک لەسەر دانپێدانان" یان "شایەدییەکی نووسراو" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟ زۆربەی یاساناسان پێیان وایە کە تۆماری دەنگی "بەڵگەیەکی ماددی تەکنیکییە" ئەمە بەو مانایەیە، کە تۆمارەکە وەک لەبەردەم دادوەردا

ئامادەیە و دەتوانرێت چەندین جار گوێی لێ بگیرێتەوە. جیاوازی ئەم بەڵگەیە لەگەڵ شایەدی ئەوەدایە کە شایەتحاڵ ڕەنگە لەژێر فشاردا قسەکانی بگۆڕێت، بەڵام تۆمارەکە ڕاستییەکی جێگیرە کە لە کاتی ڕووداوەکەدا جێگیر کراوە، ئەمەش وای کردووە سروشتێکی تایبەتی هەبێت کە جیاوازە لە هەموو بەڵگەکانی تر (جیاد، ٢٠١٥: ٣٣٠-٣٣٣). هەندێکی تر لە یاساناسان دەڵێن سروشتی یاسایی تۆمارەکە لە "دانپێدانان "نزیکە، بەتایبەت ئەگەر تۆمەتبارەکە خۆی تێیدا باسی تاوانەکەی کردبێت. بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەخنەی لێ گیراوە، چونکە دانپێدانان دەبێت لەبەردەم دادوەر و بە ئارەزووی کەسەکە بێت، لە کاتێکدا تۆماری دەنگی زۆرجار بەبێ ئاگاداری کەسەکە بووە. کەواتە دەکرێت بڵێین تۆماری دەنگی "دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیە" کە هێزی سەلماندنی هەیە بەڵام ناگاتە ئاستی دانپێدانانی دادوەری مەگەر تۆمەتبار لەبەردەم دادگا دانی پێدا بنێتەوە. لێرەوە سروشتەکەی وەک بەڵگەیەکی یارمەتیدەر دەردەکەوێت کە قەناعەتی دادوەر بەهێزتر دەکات (التمیمي، ٢٠١٤: ٢٩-٣٣). لە ڕوویەکی ترەوە، دەکرێت تۆماری دەنگی وەک "بەڵگەی نووسراو "سەیر بکرێت، بەو پێیەی دەقێکی جێگیرە لەسەر ناوەندێکی ماددی. هەرچەندە یاسا کلاسیکییەکان تەنها کاغەزیان بە نووسراو دەزانی، بەڵام یاسا نوێیەکان چەمکی "نووسراو"یان فراوان کردووە بۆ ئەوەی هەموو تۆمارە دیجیتاڵییەکانیش بگرێتەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە سروشتی یاسایی تۆمارەکەدا وای کردووە کە بتوانرێت تانەی "ساختەکاری" لێ بدرێت هاوشێوەی بەڵگەنامە نووسراوەکان. ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە ڕێساکانی سەلماندنی بەڵگەی نووسراو بەسەریدا جێبەجێ دەبێت (جفال، ٢٠١٨: ٧٢). هەروەها، سروشتی یاسایی تۆماری دەنگی وەک "ئامرازێکی پشکنین و لێکۆڵینەوە" سەیر دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، تۆمارەکە خۆی بەڵگەی کۆتایی نییە، بەڵکو "سەرەداوێکە" کە لێکۆڵەر دەگەیەنێتە بەڵگەی تر. بۆ نموونە، ئەگەر لە تۆمارێکی تەلەفۆنیدا باس لە شوێنی شاردنەوەی ماددەی هۆشبەر بکرێت، ئەوا تۆمارەکە دەبێتە هۆکار بۆ ئەنجامدانی (پشکنین). لێرەدا سروشتەکەی وەک "ئیجرائاتێکی لێکۆڵینەوە" دەردەکەوێت نەک تەنها وەک بەڵگەی سەلماندن لە کاتی دادگاییکردندا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەبێت هەموو ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە پشکنین و چاودێری بەسەردا جێبەجێ بکرێت (شفتر، ٢٠١٤: ٢٩٠). لایەنی "بایۆمەتری" و "تەکنیکی" لە سروشتی یاسایی ئەم بەڵگەیەدا زۆر بەهێزە. یاساناسان جەخت دەکەنەوە کە دەنگ وەک "پەنجەمۆر" وایە. بۆیە کاتێک دادوەر مامەڵە لەگەڵ تۆماری دەنگی دەکات، وەک ئەوە وایە مامەڵە لەگەڵ "بەڵگەی پسپۆڕی "بکات. سروشتی ئەم بەڵگەیە وا دەخوازێت کە هەمیشە پەنا ببرێتە بەر شارەزایانی دەنگناسی بۆ دڵنیابوونەوە. کەواتە، تۆماری دەنگی سروشتێکی "دووفاقە"ی هەیە؛ لەلایەک بەڵگەیەکی یاساییە و لەلایەکی تریش پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی زانستی هەیە، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێک لە بەڵگە هەرە ئاڵۆزەکانی ناو یاسای سزا (منیرة، ٢٠٢٣: ١٦٠٥). دەکرێت بڵێین سروشتی یاسایی تۆماری دەنگی بریتییە لە "بەڵگەیەکی تەکنیکی - زانستی کە هێزێکی سەلماندنی ئیختیاری هەیە لای دادوەر". ئەم پێناسە و سروشتە هەموو ئەو ناکۆکییانەی پێشوو کۆدەکاتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم بەڵگەیە نە بەڵگەیەکی ڕەهایە و نە بەڵگەیەکی بێبایەخ، بەڵکو ئامرازێکی نوێی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

دادوەرییە کە دەبێت لە چوارچێوەی "بنەمای ئازادی سەلماندن" (مبدأ حرية الإثبات) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بە مەرجێک کە هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی گشتی و مافە تاکەکەسییەکان بپارێزێت (الدرابيع، ٢٠٢٣: ٦٨-٧٣).

مەرجی یەکەم و سەرەکی بۆ ڕەوایی هەر تۆمارێکی دەنگی بریتییە لە هەبوونی "مۆڵەتی پێشوەختەی دادوەری" ئەم مەرجە بنەمایەکە بۆ هەموو لایەنەکانی تری ڕەوایی، چونکە بەبێ مۆڵەتی دادوەر یان داواکاری گشتی، هەر تۆمارکردنێک بە دەستدرێژی بۆ سەر ئازادییەکان دادەنرێت. یاسادانەر جەخت دەکاتەوە کە ئەم مۆڵەتە نابێت گشتی بێت، بەڵکو دەبێت دیاریکراو بێت بە کەسێکی دیاریکراو و بۆ تاوانێکی دیاریکراو و بۆ ماوەیەکی کاتی. ئەم مەرجە بۆ ئەوەیە کە ڕێگری بکرێت لەوەی کەسەکان و دەسەڵاتەکان بە ئارەزووی خۆیان سیخوڕی بەسەر یەکترەوە بکەن و ژیانی خەڵک بکەنە مەزاد (شفتر، ٢٠١٤: ٢٩١-٢٩٥). مەرجی دووەم ئەوەیە کە دەبێت "گومانێکی بەهێز" هەبێت لەسەر ئەوەی کەسەکە تاوانێکی ئەنجامداوە یان خەریکی پلاندارشتنە بۆی. ناتوانرێت تەنها لەبەر گومانێکی دوور و نادیار مۆڵەتی تۆمارکردنی دەنگی خەڵک بدرێت. ئەم مەرجە ڕەوایەتی دەبەخشێتە تۆمارەکە چونکە دەیسەلمێنێت کە ئامانج لێی پاراستنی کۆمەڵگەیە نەک تەنها بێزارکردنی خەڵک. دادوەر کاتێک مۆڵەت دەدات، دەبێت لە فەرمانەکەیدا ئاماژە بەو بەڵگە و نیشانانە بکات کە وایان لێکردووە قەناعەت بهێنێت کە تۆمارکردنەکە پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان (عبدالرحيم، ٢٠٢٤: ٣٤٠). مەرجی سێیەم "دیاریکردنی ماوەی تۆمارکردنە". ڕەوایەتی تۆماری دەنگی بەوەوە بەستراوەتەوە کە نابێت بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام بێت. زۆرجار یاساکان ماوەی ٣٠ ڕۆژ یان کەمتر دیاری دەکەن کە دەکرێت تەنها بۆ یەک یان دوو جار نوێ بکرێتەوە. ئەگەر تۆمارکردنەکە دوای تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتەکە بێت، ئەوا ئەو بەڵگانەی بەدەست هاتوون ڕەوایەتییان نامێنێت و دەبنە بەڵگەی پوچەڵ. ئەم مەرجە زامنی ئەوە دەکات کە چاودێری کردنی خەڵک نەبێتە دیاردەیەکی هەمیشەیی و تەنها لە چوارچێوەی پێویستیی لێکۆڵینەوەدا بمێنێتەوە (منيرة، ٢٠٢٣: ١٦٠٥-١٦٠٧). مەرجی چوارەم بریتییە لە "ڕاستگۆیی و پاراستنی ڕەسەنایەتی تۆمارەکە". بۆ ئەوەی تۆمارێک ڕەوا بێت، دەبێت هیچ دەستکارییەکی تێدا نەکرابێت. ئەگەر دەرکەوت کە مۆنتاژ کراوە یان بەشێکی بڕدراوە یان دەنگی کەسێکی تری خراوەتە سەر، ئەوا ڕەوایەتی یاسایی و زانستی لەدەست دەدات. لێرەدا ڕەوایەتی بەستراوەتەوە بە "پاکژیی بەڵگەکە .دادگا دەبێت دڵنیا بێتەوە کە ئەوەی دەبیسترێت هەمان ئەو قسانەیە کە وتراون بێ زیاد و کەم، هەر گومانێک لەم ڕووەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دادوەر بەڵگەکە لە لیستی سەلماندن دەربکات (نورالدين و مراد، ٢٠٢٢: ٤٥) .مەرجی کۆتایی ئەوەیە کە دەبێت تۆمارکردنەکە "لایەنی سێیەم" ئەنجامی بدات کە لایەنی فەرمییە، یان لەژێر چاودێری ئەواندا بێت. ئەگەر کەسێکی ئاسایی بەبێ مۆڵەت دەنگی کەسێکی تر تۆمار بکات، ئەمە ڕەوایەتی نییە مەگەر لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێت کە بۆ بەرگری لە خۆی بێت و دادگا قبوڵی بکات. ڕەوایەتی گشتی لای دەسەڵاتی گشتییە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات. لە کۆتاییدا، ڕەوایەتی تۆماری دەنگی لەسەر سێکوچکەی

(مۆڵەت، پێویستی، و ڕاستگۆیی) ڕاوەستاوە، کە پێکەوە دادپەروەری لە پرۆسەی سەلماندنی تاواندا بەدی دەهێنن.

**تەوەرەی دووەم: بەڵگەی تاوانکاری**

بەڵگەی تاوانکاری بە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی دادبینی پەیڕەوی دادوەری دادەنرێت، چونکە تاکە ئامرازە کە دادوەر دەگەیەنێتە ڕاستی و یارمەتی دەدات لە دەرکردنی حوکمێکی دادپەروەرانە. لەگەڵ ئاڵۆزبوونی شێوازەکانی تاوانباران، سیستمی بەڵگەی تەقلیدی وەک شایەدی و دانپێدانان چیتر بە تەنها بەس نین، بۆیە پەنابردن بۆ زانست و تەکنەلۆژیا بووەتە پێویستییەکی حەتمی بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی تاوانباران لە سزا ڕزگاریان نەبێت (الرقيشي، ٢٠١٨: ١٠)

سروشتی بەڵگەی تاوانکاری لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتووە؛ ئێستا ئێمە لەبەردەم بەڵگەی "نادیار" و "دیجیتاڵیداین" کە پێویستی بە پسپۆڕی ورد هەیە بۆ مامەڵەکردن. ئەم بەڵگانە بەهۆی وردی و زانستیبوونیانەوە، کێشەی "گومان" لە پرۆسەی سەلماندندا کەمدەکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەحەددییەکی گەورەن بۆ دادوەران لە ڕووی چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان لەناو هۆڵی دادگادا (سليم، ٢٠٢٥: ١٨٨).

سیستمی یاسایی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی پرەنسیپی "ئازادی سەلماندن"یان وەک بنەما وەرگرتووە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەر جۆرە بەڵگەیەکی نوێ کە زانست دەیسەلمێنێت، قبوڵ بکرێت. بەڵام ئەم ئازادییە ڕەها نییە، بەڵکو دەبێت بەڵگەکە بە شێوەیەکی "ڕەوا" و بەبێ پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی تاک بەدەست هاتبێت، چونکە بەڵگەیەک لەسەر بنەمای نایاسایی بونیاد بنرێت، حوکمەکەی پووچەڵ دەبێتەوە (هدى، ٢٠٠٦: ٣٠-٣٥).

پەرەسەندنی بەڵگەی تاوانکاری تەنها لە ئامێرەکاندا نییە، بەڵکو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی "پاشماوە زانستییەکانە" وەک DNA و پەنجەمۆرە جیاوازەکان. ئەم بەڵگانە هێزێکی سەلماندنی "یەقینییان" هەیە چونکە لەسەر بنەمای یاسای ماتماتیکی و تاقیگەیی کار دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە وایکردووە کە "بەڵگەی ماددی" پێش "بەڵگەی زارەکی" بکەوێت و ببێتە متمانەپێکراوترین سەرچاوە بۆ گەیشتن بە یەقینی دادوەری (عبدالرحمن و مهدي، ٢٠٢٤: ٤٧).

ئەم بەڵگانە پەیوەستە بەوەی تا چەند "زنجیرەی پاراستنی بەڵگە پارێزراوە. هەر کاتێک بەڵگەیەکی تەکنیکی یان زانستی بگاتە دادگا و دڵنیایی هەبێت کە دەستکاری نەکراوە، دەبێتە بەهێزترین ئامراز لە دەستی دادوەری تاوانکاریدا بۆ پاراستنی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی سەردەمیانە کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی ئەمڕۆدا بگونجێت (امنة، ٢٠١٥: ٥٥-٥٨).

لە سەردەمە کۆنەکاندا، سیستەمی سەلماندنی تاوانکاری بە تەواوی پشتی بەو بەڵگانە دەبەست کە لە ڕێگەی هەستەوەرە مرۆییەکانەوە بەدەست دەهاتن، بە تایبەتی دانپێدانان و شایەتیدانی شایەتەکان. لەو قۆناغەدا، دانپێدانانی تۆمەتبار وەک "سەروەری بەڵگەکان" سەیر

دەكرا، ئەمەش واى كردبوو كە لێكۆڵەران پەنا ببەنە بەر توندوتیژی و ئەشكەنجەی جەستەیی و دەروونی بۆ ناچاركردنی كەسەكان بە قسەكردن. مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەكی درێژ لە ژێر سایەی ئەم جۆرە بەڵگانەدا دەژیا كە زۆرجار بەهۆی هەڵەی شایەتەكان یان دانپێدانانی ژێر فشار، دەبووە هۆی ستەمكردن لە بێتاوانان. هیچ ئامرازێكی زانستی یان تەكنیكی لە ئارادا نەبوو كە بتوانێت ڕاستی و دروستی قسەكان بسەلمێنێت، بۆیە دادوەر تەنها لەسەر بنەمای ئەوەی دەیبیست یان ئەوەی تۆمەتبار دەیگوت حوكمی دەردەكرد، ئەمەش دەرگای بۆ زۆر كێشەی یاسایی و كۆمەڵایەتی كردبووەوە كە دواتر وای كرد بیر لە ڕێگەی زانستی بكرێتەوە. (روحي، ٢٠١٧: ١٨-٢٢). مێژووی لێكۆڵینەوەی تاوانكاری نیشانی دەدات كە ڕێگەی سەلماندن لە ڕابردوودا زۆر سەرەتایی بووە و زیاتر لایەنی ئاینی و سوێندخواردن تێیدا زاڵ بووە. لە نەبوونی تەكنەلۆژیای هاوچەرخدا، "سوێندخواردن" یەكێك بوو لە هۆكارە سەرەكییەكانی یەكلاكردنەوەی كێشەكان، كە ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە هیچ گەرەنتییەكی ڕاستگۆیی تێدا نەبوو. پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەكەن كە گواستنەوە لەم قۆناغە "زارەكییە" بۆ قۆناغی "تەكنیكی" وەرچەرخانێكی گەورە بوو لە مێژووی یاسادا. لە كۆندا، ئەگەر گفتوگۆیەك لە نێوان دوو كەسدا ببوایە بە هۆكاری تاوان، مەحاڵ بوو ناوەڕۆكی ئەو گفتوگۆیە بسەلمێنرێت مەگەر بە شایەتیدانی كەسێكی سێیەم كە گوێبیستیان بووبێت. ئەم وابەستەبوونە بە مرۆڤ وەك سەرچاوەی بەڵگە، وای دەكرد دادپەروەری بكەوێتە ژێر كاریگەری سۆز و لایەنگیری و هەڵە مرۆییەكانەوە، كە ئەمڕۆ لە ڕێگەی تۆمارە دەنگی و بینراوەكانەوە تا ڕادەیەكی زۆر چارەسەر كراوە. (البشير و النعيمة، ٢٠٢٤: ٢٤-٢٧). لایەنێكی تری لێكۆڵینەوە كۆنەكان بریتی بوو لە پشتبەستن بە "نیشانە" فیزیكییەكان بە شێوەیەكی زۆر سادە، وەك دۆزینەوەی شتومەكی تۆمەتبار لە شوێنی تاوان. بەڵام ئەم نیشانانە هیچ كات نەدەگەیشتنە ئاستی "بەڵگەی یەقینی" چونكە نەدەتوانرا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ و حاشاهەڵنەگر لە نێوان تۆمەتبار و تاوانەكەدا دروست بكرێت. لەو سەردەمانەدا، بەڵگەی دەنگی تەنها وەك "بیستراو" بوونی هەبوو كە شایەتەكان دەیانگێڕایەوە، ئەمەش بە "شایەتیدان لەسەر شایەتیدان" هەژمار دەكرا كە هێزێكی یاسایی كەمی هەبوو. گۆڕانكارییەكە كاتێك دەستی پێكرد كە مرۆڤ توانی دەنگ تۆمار بكات، چونكە ئەمە وای كرد "دەنگ" لە تەنها لەرەلەرێكی هەواییەوە بگۆڕێت بۆ "بەڵگەیەكی ماددی" كە دەتوانرێت هەڵبگیرێت و دووبارە ببیسترێتەوە. ئەم گواستنەوەیە لە شێوازە تەقلیدییەكانەوە بۆ شێوازە زانستییەكان، ڕێگەی لە ئەشكەنجەدان گرت و وای كرد لێكۆڵەران زیاتر پشت بە مێشك و زانست ببەستن نەك بە هێزی جەستەیی. (التميمى، ٢٠١٤: ٢٨). لەسەردەمی هاوچەرخدا، ڕێگەی دیكە بەكاردێن وەكو:

**بەڵگە دیجیتاڵییەكان:** بەڵگەی دیجیتاڵی بریتییە لەو زانیاری و داتایانەی كە لە ناو ئامێرە ئەلیكترۆنییەكاندا یان لە كاتی گواستنەوەیاندا پاشەكەوت دەكرێن و بەكاردێن بۆ سەلماندنی ڕاستی ڕووداوێكی دیاریكراو. ئەم جۆرە بەڵگەیە خاوەن تایبەتمەندییەكی "نادیار"ە، واتە وەك بەڵگەی كلاسیكی ناتوانرێت بە ئاسانی هەستی پێ بكرێت یان بە چاو ببینرێت، بەڵكو پێویستی بە ئامێری وەرگێڕ هەیە تاوەكو بكرێتە ناوەڕۆكێكی تێگەیشتوو. ئەمەش وایكردووە كە مامەڵەكردن

لەگەڵیدا پێویستی بە وریاییەکی زۆر بێت، چونکە بچووکترین دەستکاری دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە هەموو ناوەڕۆکەکەدا (ليندا، ٢٠١٩: ١٥٣-١٥٨). تایبەتمەندییەکی تری بەڵگەی دیجیتاڵی "خێرایی گۆڕان و لەناوچوونە"، چونکە داتا ئەلیکترۆنییەکان دەکرێت بە یەک کلیك بسڕێنەوە یان لە دوورەوە تێکبدرێن. ئەمە دەخوازێت کە لایەنی لێکۆڵینەوە شارەزایی تەکنیکی بەرز تەرخان بکات بۆ دەرهێنانی داتاکان بە شێوەیەکی زانستی. هەروەها ئەم بەڵگانە سنووری جوگرافی ناناسن؛ دەکرێت تاوانبار لە وڵاتێک بێت و بەڵگەکە لە سێرڤەرێکی وڵاتێکی تردا پاشەکەوت کرابێت، ئەمەش ئاڵۆزییەکی یاسایی دروست دەکات لە رووی دەسەڵاتی دادوەری و چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئەم بەڵگە نێودەوڵەتییانە (بلعمي و مزري، ٢٠٢٢: ٤٤-٥٢). ڕەوایەتی یاسایی بەڵگەی دیجیتاڵی لەوەدایە کە دەبێتە "بەڵگەی نووسراو" یان "قرينه" بەپێی جۆری تاوانەکە. یاساکانی وەک یاسای سزادانی عومانی و جەزائیری ئێستا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم داتایانە هێزی سەلماندنیان هەیە ئەگەر دڵنیایی هەبێت لەوەی کە لە سەرچاوەیەکی ڕاستەوە هاتوون. دادوەر دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە نرخاندنی ئەم بەڵگەیە، بەڵام زۆرکات پشت بە ڕاپۆرتی شارەزایان دەبەستێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئایا داتاکە ڕاستەقینەیە یان دروستکراوە (النقبي و المصعبي، ٢٠٢٤: ٢٢٠٨-٢٢١٠).

**بەڵگە بایۆلۆژی و ماددییەکان:** بەڵگە بایۆلۆژییەکان وەک DNA و پەنجەمۆر، بە یەکێک لە "بەڵگە زانستییە بێدەنگەکان" دادەنرێن کە لە شوێنی تاواندا بەجێ دەمێنن. ئەم بەڵگانە بەهۆی ئەوەی پەیوەستن بە پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤەوە، ئەگەری هەڵە تێیاندا زۆر کەمە و ڕێژەی دڵنیاییان دەگاتە سەروو ٩٩%. لێرەدا پۆلیسی زانستی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ناسنامەی تاوانبار لە ڕێگەی پاشماوەکانی وەک موو، خوێن، یان لیکی دەم، کە هەموویان دەبنە بەڵگەی "ماددی" بەهێز (امين و نجم الدين، ٢٠٢٥: ١٠-١٤). لە ڕووی یاساییەوە، بەکارهێنانی ئەم بەڵگانە پێویستی بە مۆڵەتی دادوەری هەیە، چونکە وەرگرتنی نموونەی بایۆلۆژی لە جەستەی گومانلێکراو دەچێتە خانەی "ماف لەسەر جەستە". دادگاکان لەم دواییانەدا زیاتر پشت بەم جۆرە بەڵگانە دەبەستن، چونکە بە پێچەوانەی شایەدی مرۆڤەوە، ئەم بەڵگانە تووشی بیرچوونەوە، ترس یان لایەنگیری نابن. هێزی ئەم بەڵگانە لەوەدایە کە دەتوانن بێتاوانی کەسێک بسەلمێنن بە هەمان ئەو هێزەی کە تاوانباری پێ دیاری دەکەن (حسن، ٢٠١٢: ٦٦-٧٢).

پرۆسەی پشکنینی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (مۆبایل، لاپتۆپ) جیاوازە لە پشکنینی شوێنێکی ئاسایی، چونکە لێرەدا باس لە پشکنینی "ناوەڕۆکێکی مەعنەوی" دەکەین. بۆ ئەوەی ئەم پشکنینە ڕەوا بێت، دەبێت فەرمانی پێشوەختەی دادوەری هەبێت و ئامانجەکەی دیاریکراو بێت. پۆلیس بۆی نییە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بچێتە ناو نهێنییەکانی کەسێک تەنها لەبەر ئەوەی گومانلێکراوە، بەڵکو دەبێت پشکنینەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تاوانەکەوە هەبێت (عمارة، ٢٠٢٥: ٢٠٢٤-٢٠٢٧). پاراستنی "زنجیرەی بەڵگە" گرنگترین مەرجە بۆ ئەوەی بەڵگەیەک لە دادگا قبوڵ بکرێت. ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێت لەو چرکەیەی مۆبایلەکە لە شوێنی تاوان هەڵدەگیرێتەوە تا ئەو کاتەی دەگاتە دەستی شارەزا و پاشان دادگا، هەموو کەسێک کە دەستی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لێداوە دیار بێت. ئەگەر پچڕانێک لەم زنجیرەیەدا هەبێت، بەڵگەکە حوجییەتی خۆی لەدەست دەدات، چونکە گومان دروست دەبێت کە ئایا ئەمە هەمان ئەو بەڵگەیە یان دەستکاری کراوە (سلیم، ٢٠٢٥: ١٣٥-١٣٧).

بنەمای گشتی لە زۆربەی سیستەمە یاساییەکان ئەوەیە کە بارگرانی سەلماندن لەسەر لایەنی سکاڵاکارە، لە تاوانەکاندا، داواکاری گشتی بەرپرسە لە سەلماندنی تاوانەکە و هێنانی بەڵگە زانستییەکان. بەڵام لە هەندێک تاوانی ئەلیکترۆنی یان ئاڵۆزدا، کاتێک بەڵگەیەکی تەکنیکی لە دژی کەسێک دەخرێتە ڕوو، تۆمەتبار دەبێت بیسەلمێنێت کە بۆ نموونە هەژمارەکەی هاک کراوە یان کەسێکی تر ئامێرەکەی بەکارهێناوە (طباخ و مقلاتي، ٢٠٢٤: ٦٤-٦٦). دادوەر ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت لە پرۆسەی سەلماندندا؛ دەتوانێت داوای شارەزای زیادە بکات یان فەرمان بە پشکنینی وردتر بدات ئەگەر بینی بارگرانی سەلماندن لەسەر تۆمەتبار گرانە. لە کۆتاییدا، حوجییەتی بەڵگە نوێیەکان تەنها پەیوەست نییە بەوەی کێ دەیهێنێت، بەڵکو پەیوەستە بەوەی تا چەند ئەم بەڵگەیە دەتوانێت ئەو یەقینە دروست بکات کە پێویستە بۆ لابردنی "پەردەی بێتاوانی" لەسەر کەسی تۆمەتبار (عبدالرزاق، ٢٠٢٤: ١٧٠-١٧٨). دادوەری تاوانکاری خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانە لە نرخاندنی بەڵگەکاندا، کە پێی دەوترێت، ئەم بنەمایە ڕێگە بە دادوەر دەدات کە هەر بەڵگەیەک، چ تەقلیدی بێت یان نوێ، ڕەت بکاتەوە یان پەسەندی بکات بەو مەرجەی قەناعەتی پێی هەبێت. لە بەرامبەر بەڵگە تەکنیکی و دیجیتاڵییەکاندا، دادوەر دەبێت وریای لایەنی "مشروعية" بێت، واتە ئایا بەڵگەکە بە ڕێگەی یاسایی بەدەست هاتووە؟ ئەگەر بەڵگەیەکی دیجیتاڵی بەهێزیش هەبێت بەڵام بەبێ مۆڵەتی دادوەر یان بە سیخوڕی بەدەست هاتبێت، دادوەر ناتوانێت وەک بنەمای سزادان بەکاری بهێنێت (محمد، ٢٠٢٥: ٩٦٣-٩٦٨). دەسەڵاتی دادوەر لە نرخاندنی بەڵگەی زانستی کەمێک جیاوازە، چونکە لێرەدا دادوەر ڕووبەڕووی ڕاستییەکی ماتماتیکی دەبێتەوە کە خۆی تێیدا پسپۆڕ نییە. لێرەدا دادوەر ناتوانێت بە تەنها بە ئارەزووی خۆی بەڵگەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵکو ئەگەر گومانی هەبوو دەبێت داوای شارەزایەکی تر بکات بۆ دووبارە پشکنینەوە. دادوەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لە نێوان یەقینی زانستی و "یەقینی دادوەری"دا هاوسەنگی دروست بکات، بە جۆرێک کە ڕاپۆرتی شارەزا تەنها وەک ڕێپیشاندەرێک بەکاربهێنێت نەک ئەوەی شارەزاکە ببێتە بڕیاردەری کۆتایی لە جیاتی دادوەر. هەروەها دادوەر ئەرکی لەسەرە کە بەڵگە نوێیەکان بخاتە بەردەم "مناقشة علنية"، واتە دەبێت هەموو لایەنەکان بتوانن تێبینی و تانەی خۆیان لەسەر بەڵگەکە بدەن. بۆ نموونە، ئەگەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی وەک بەڵگە پێشکەش کرا، دەبێت لە دادگادا پیشان بدرێت و ڕێگە بە تۆمەتبار بدرێت کە گومان بخاتە سەر ڕاست و دروستییەکەی. ئەم پرۆسەی گفتوگۆیە یارمەتی دادوەر دەدات تاوەکو لەوە تێبگات ئایا بەڵگەکە "یەقینییە" یان تەنها "قرينة"یەکی لاوازە کە ناتوانرێت حوکمی سزادانی لەسەر بونیاد بنرێت (درابلة، ٢٠١٩: ١٤٠).

### تەوەرەی سێیەم: ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە بەڵگەی تاوانکاریدا

پرسی ڕەوایەتی بەڵگەی دەنگی یەکێکە لە بابەتە هەرە ئاڵۆزەکان لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزاییدا، چونکە ئەم جۆرە بەڵگەیە لە نێوان دوو بەرداشی گرنگدایە؛ لە لایەک پاراستنی مافی تایبەتمەندی تاک و پاراستنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی، لە لایەکی ترەوە پێویستی دەوڵەت و دەزگاکانی دادوەری بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و سزادانی تاوانباران. زۆربەی یاسادانەران جەخت لەوە دەکەنەوە کە تۆمارکردنی دەنگ بەبێ ڕەزامەندی کەسەکە یان بەبێ مۆڵەتی دادوەر، پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستوورە. لێرەوە ڕەوایەتی ئەم بەڵگەیە تەنها کاتێک دروست دەبێت کە بەپێی ڕێکارە یاساییەکان بێت، چونکە هەر بەڵگەیەک لەسەر بنەمایەکی نایاسایی بونیاد بنرێت، ئەوا خۆشی بە نایاسایی دادەنرێت و ناتوانرێت وەک بنەمایەک بۆ حوکمی دادگا پشتی پێ ببەسترێت. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان پاراستنی ئازادییەکان و بەرژەوەندی گشتیدا، چوارچێوەی سەرەکی ڕەوایەتی بەڵگەی دەنگی دیاری دەکات لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا. (جفال، ٢٠١٨: ٨٠-٨٥). لە یاسای سزایی هاوچەرخدا، بنەمای ئازادی لە سەلماندندا ڕێگە بە دادوەر دەدات سوود لە هەموو هۆکارێکی زانستی وەربگرێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی، بەڵام ئەم ئازادییە ڕەها نییە و سنووردار کراوە بە پاراستنی شکۆی مرۆڤ. تۆمارە دەنگییەکان کاتێک دەبنە بەڵگەی ڕەوا کە گومانیان تێدا نەبێت و لە ڕێگەی دەزگایەکی فەرمییەوە ئەنجام درابن. زۆربەی سەرچاوە یاساییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەگەر تۆمارکردنەکە بە ڕێکەوت یان لەلایەن کەسێکی ئاساییەوە لە شوێنێکی گشتیدا کرابێت، ڕەنگە دادگا وەک "زانیاری" یان "نیشانە" مامەڵەی لەگەڵ بکات نەک وەک بەڵگەیەکی تەواو. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو تۆمارانەی کە دەزگاکانی پۆلیس بە مۆڵەتی دادوەر ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ ئەو تۆمارانەی کە هاووڵاتیان بە نهێنی بۆ یەکتری دەیکەن. ڕەوایەتی بەڵگەکە گرێدراوی ئەو متمانەیەیە کە دادگا بەو ئامێر و تەکنەلۆژیایەی هەیەتی، هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە هیچ دەستکارییەک یان بڕین و لکاندنێک لە دەنگەکەدا نەکراوە کە ببێتە هۆی گۆڕینی واتا و مەبەستی قسەکان. (ساسي، ٢٠١٧: ٣٦-٤٣) . لایەنی تەکنیکی و زانستی ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە چەسپاندنی ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان، چونکە گۆڕانکارییە خێراکان لە بواری دیجیتاڵیدا وای کردووە کە ساختەکردنی دەنگ ئاسان بێت. بۆیە، بۆ ئەوەی تۆمارێکی دەنگی ببێتە بەڵگەیەکی ڕەوا لەبەردەم دادگادا، پێویستە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕی دەنگناسییەوە بپشکنرێت تا دڵنیایی بدەن کە دەنگەکە هی خودی تۆمەتبارەکەیە. ڕەوایەتی لێرەدا تەنها لایەنی یاسایی ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی "ڕاستگۆیی" بەڵگەکەش دەگرێتەوە. ئەگەر دادگا گومانی هەبوو لە ڕەسەنایەتی دەنگەکە، ڕەوایەتییەکەی لەدەست دەدات و ناخرێتە ناو بازنەی بەڵگەکانەوە. جگە لەوەش، کاتی تۆمارکردنەکە و ئەو دەوروبەرەی تۆمارەکەی تێدا کراوە، کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیاری دادوەر. زۆرجار تۆمارە دەنگییەکان وەک بەڵگەی پاڵپشتیکەر بەکاردێن بۆ بەهێزکردنی دانپێدانان یان شایەتیدانی شایەتەکان، ئەمەش وای کردووە کە پێگەی یاسایی ئەم جۆرە بەڵگەیە لە زۆربەی سیستەمە یاساییەکاندا بەرەو پێش بچێت و وەک بەڵگەیەکی زانستی سەردەمیانە سەیر بکرێت. (جیاد، ٢٠١٥: ٣٣٣-٣٣٧). پرسی متمانە پێکردن بە ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە یاسای ئوردنیدا،

هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، لەسەر بنەمای "یەکگرتوویی بەڵگە" بونیاد نراوە. ئەم جۆرە بەڵگەیە وەک دەرهاویشتەیەکی تەکنیکی سەیر دەکرێت کە پێویستە لە ژێر چاودێرییەکی وردی دادوەریدا بێت. ڕەوایەتی لێرەدا بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا ئەو ئامێرانەی بۆ تۆمارکردنەکە بەکارهێنراون، مۆڵەتپێدراو بوون یان نا. ئەگەر تۆمارەکە لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئەنجام درابێت، دادوەر ناتوانێت وەک بەڵگەیەکی سەرەکی پشتی پێ ببەستێت، مەگەر وەک "زانیاری" بۆ تەواوکردنی وێنەی ڕووداوەکە بەکاری بهێنێت. یاسادانەری ئوردنی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پاراستنی پیرۆزی ژیانی تایبەت لە پێشترە و ناتوانرێت بە ناوی گەڕان بەدوای ڕاستیدا ئەم پیرۆزییە بشێوێنرێت، بۆیە هەر تۆمارێکی دەنگی کە لە شوێنێکی تایبەتدا و بەبێ ئاگاداری لایەنی بەرامبەر کرابێت، ڕەوایەتییەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و دەبێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە ئەگەر وەک بنەمای سەرەکی بەکاربهێنرێت. (العجارمة، ٢٠١٩: ٤٣-٥٠). لە لایەکی ترەوە، لایەنی شەرعی و یاسایی لە سیستەمی دادوەری عێراقیدا ئاماژە بەوە دەکەن کە دەنگ تایبەتمەندییەکی مرۆییە و ناکرێت بەبێ مۆڵەت دەستی بۆ ببرێت. ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لێرەدا پێویستی بەوەیە کە دادوەر دڵنیا بێتەوە لەوەی کە هیچ جۆرە "ئیستدراج" یان هاندانێکی تێدا نەبووە بۆ ئەوەی کەسەکە قسە بکات. ئەگەر تۆمارەکە لە ڕێگەی فێڵ و تەڵەکەوە کرابێت، ئەوا ڕەوایەتی خۆی لەدەست دەدات چونکە ویستی مرۆڤ لێرەدا ئازاد نەبووە. پسپۆڕانی یاسایی لە زانکۆی نەهرێن جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەنگ تەنها لەرەلەرێکی فیزیکی نییە، بەڵکو گوزارشتە لە کەسایەتی مرۆڤ، بۆیە پاراستنی ڕەوایەتی ئەم بەڵگەیە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە. دادگا دەبێت لەوە دڵنیا بێت کە تۆمارەکە "پچڕانی" تێدا نییە و هەموو گفتوگۆکە بە ڕاشکاوی هاتووە، نەک تەنها ئەو بەشانەی کە زیان بە تۆمەتبار دەگەیەنن. ئەم وردەکارییە زانستییانە وا دەکەن کە ڕەوایەتی بەڵگەی دەنگی لە دادگاکانی عێراقدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تاقیگەیی ورد هەبێت پێش ئەوەی وەک بەڵگەی یەکلاکەرەوە وەربگیرێت. (التميمي، ٢٠١٤: ٣٦). سەبارەت بە شوێنی ئەنجامدانی تۆمارەکە، ڕەوایەتی یاسایی جیاوازییەکی ڕوون دەخاتە نێوان شوێنی گشتی و شوێنی تایبەت. لە شوێنە گشتییەکاندا، بەو پێیەی مرۆڤ چاوەڕوانی پاراستنی نهێنی ناکات بەو ڕادەیەی شوێنی تایبەت، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان ئاسانتر دەچەسپێت. بەڵام لە شوێنی تایبەتدا، وەک ماڵ یان نووسینگەی شەخسی، تۆمارکردن بەبێ مۆڵەتی دادوەری "تاوانێکی سەربەخۆیە" و ناتوانرێت وەک بەڵگەی تاوانکاری بەکاربهێنرێت. تەنانەت ئەگەر تۆمارەکە دانپێدانانێکی گەورەشی تێدا بێت، ئەگەر ڕێکارە یاساییەکان (وەک وەرگرتنی مۆڵەت لە داواکاری گشتی) پشتگوێ خرابن، دادوەر پابەندە بەوەی بەڵگەکە وەلا بنێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ڕەوایەتی "شێوەیی" (ئیجرائی) پێش ڕەوایەتی "ناوەڕۆکی" دەکەوێت. واتە ڕێگەی گەیشتن بە بەڵگەکە گرنگترە لەوەی خودی بەڵگەکە چی تێدایە، ئەمەش بۆ ڕێگریکردنە لەوەی دەزگاکانی لێکۆڵینەوە پەنا ببەنە بەر شێوازی نایاسایی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لە دژی هاووڵاتیان. (محمود و دراج، ٢٠٢٢: ٣٠-٣٤). یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی بەرەوڕووی ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان دەبێتەوە، پرسی "بەرپرسیارێتی یاسایی" ئەو کەسەیە کە تۆمارەکە ئەنجام دەدات. ئەگەر کەسێک

بەبێ مۆڵەت دەنگی یەکێکی تر تۆمار بکات، نەک هەر بەڵگەکەی وەرناگیرێت، بەڵکو خۆشی رووبەرووی لێپرسینەوە دەبێتەوە. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە زانکۆی تیشک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم بەرپرسیارێتییە هەم لایەنی مەدەنی (قەرەبووکردنەوە) و هەم لایەنی سزایی دەگرێتەوە. ڕەوایەتی بەڵگەکە لێرەدا تەنها پەیوەندی بە تۆمەتبارەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پاراستنی سیستەمی یاساییەوە هەیە. ئەگەر دادگا ڕێگە بدات بە وەرگرتنی تۆمارە نایاساییەکان، ئەوا بە ناڕاستەوخۆ هانی خەڵک دەدات بۆ سیخوڕیکردن بەسەر یەکترەوە. بۆیە، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان وەک "دەروازەیەکی پارێزراو" سەیر دەکرێت کە تەنها ئەوانە پێیدا تێپەڕ دەبن کە ڕێز لە یاسا و مافە دەستوورییەکانی مرۆڤ دەگرن، نەک ئەوانەی دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت بەرامبەرەکەیان تاوانبار بکەن. (البالیسانی، ٢٠١٩: ٣٧٠). ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە ناوەندە زانستی و یاساییەکاندا وەک "بەڵگەیەکی کاتی" یان "نیشانە" سەیر دەکرێت تا ئەو کاتەی بە بەڵگەی تر پاڵپشت دەکرێت. لەبەر ئەوەی ئەگەری لاساییکردنەوەی دەنگ لە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد یان بەرنامە پێشکەوتووەکانەوە زیادی کردووە، ڕەوایەتی ڕەهای ئەم بەڵگەیە کەوتۆتە ژێر گومانێکی زانستییەوە. بۆیە زۆربەی دادگاکان مەرجی ئەوەیان داناوە کە دەبێت تۆمارەکە ڕەسەن بێت و لەلایەن پسپۆڕانی تەکنیکییەوە پشتڕاست بکرێتەوە. ڕەوایەتی لێرەدا دەبێتە پرۆسەیەکی تێکەڵ لە یاسا و تەکنەلۆژیا؛ یاسا مۆڵەتەکە دەدات و تەکنەلۆژیاش ڕاستی و دروستییەکەی دەسەلمێنێت. ئەگەر هەر یەکێک لەم دوو لایەنە تووشی کێشە بێت، ڕەوایەتی بەڵگەکە دەڕووخێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەڵگەی دەنگی، سەرەڕای گرنگییەکەی، بەڵگەیەکی ناسکە و پێویستی بە پاراستنێکی یاسایی ورد هەیە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ستەمکردن لە بێتاوانان. (منيرة، ٢٠٢٣: ١٦٠٩-١٦١٢).

یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا، بوونی مۆڵەتی پێشوەختەیە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، کە دەبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ تاوانێکی دیاریکراو بێت. لێکۆڵەرانی یاسایی جەخت لەوە دەکەنەوە کە مۆڵەتی گشتی بۆ چاودێریکردنی دەنگی هاووڵاتیان نایاساییە و ڕەوایەتی بەڵگەکە لەناو دەبات. لە یاسای فەڵەستینیدا، پاراستنی نهێنیی پەیوەندییەکان بنەمایەکی دەستوورییە و تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویستدا بۆ بەرژەوەندی ئاسایشی نیشتمانی ڕێگەی پێ دەدرێت. ڕەوایەتی لێرەدا تەنها بەوە ناچەسپێت کە تاوانەکە ڕوویداوە، بەڵکو بەوە دەچەسپێت کە ئایا لایەنی لێکۆڵەر ڕێز لەو کات و شوێنە گرتووە کە لە مۆڵەتەکەدا دیاری کراوە یان نا. ئەگەر تۆمارکردنەکە لە دەرەوەی ئەو سنوورە بێت، ئەوا بەڵگەکە "پوچەڵ" دەبێت و ناتوانرێت لە دژی تۆمەتبار بەکاربهێنرێت، چونکە پاراستنی ڕێکارە یاساییەکان لە پێشترە لە دۆزینەوەی ڕاستی بە هەر نرخێک بێت. (جفال، ٢٠١٨: ٨٧-٨٨). لایەنێکی تری گرنگی ڕەوایەتی، پەیوەندی بە "ڕەسەنایەتی دەنگ" و نەبوونی دەستکارییەوە هەیە. لەبەر ئەوەی بەڵگەی دەنگی بەڵگەیەکی تەکنیکییە، ڕەوایەتییەکەی بەستراوەتەوە بە ڕاپۆرتی شارەزایان، ئەگەر تۆمارێکی دەنگی پێشکەش بە دادگا بکرێت کە بەشێکی بڕدراو بێت یان لە ڕێگەی بەرنامەی کۆمپیوتەرییەوە گۆڕانکاری تێدا کرابێت، ئەوا نەک هەر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕەوایەتی نامێنێت، بەڵکو وەک "بەڵگەیەکی ساختە" سەیر دەکرێت. دادوەر دەبێت زۆر وریای ئەو تۆمارە دەنگیانە بێت کە لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەکرێن، چونکە زۆرجار کوالێتییان نزمە و دەکرێت واتا بگۆڕدرێت، بۆیە، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لێرەدا پابەندە ڕاستەقینەییە کە لە کاتی تۆمارکردنەوە تا گەیاندنی بە دادگا جێبەجێ دەکرێت، تاوەکو دڵنیایی هەبێت کە بەڵگەکە لە ژینگەیەکی پاک و بێدەستکاری ماوەتەوە. (منيرة، ٢٠٢٣: ١٦٠٩-١٦١٢) لە سیستەمی یاسایی عێراقیدا، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە کەیسەکانی "تەهدید" و "ئیبتیزاز"دا تا ڕادەیەک جیاوازە. کاتێک قوربانییەک دەنگی ئەو کەسە تۆمار دەکات کە هەڕەشەی لێ دەکات، هەندێک لە دادوەران ئەمە بە "بەرگری ڕەوا لە بەڵگە" (الدفاع الشرعي عن الدليل) دادەنێن و ڕەوایەتی پێ دەدەن، تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی دادوەریشی نەبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە قوربانی لێرەدا ئامانجی زیان گەیاندن نییە، بەڵکو ئامانجی سەلماندنی تاوانێکە کە بەسەریدا هاتووە. لێکۆڵینەوەکان لە زانکۆی موسڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە هێزی ئەم بەڵگەیە لێرەدا بەهێزە چونکە لە دۆخی "زەرورەت"دا کراوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو تۆمارێکی شەخسی ڕەوایەتی هەبێت؛ بەڵکو دەبێت دادگا دڵنیا بێتەوە کە تۆمارەکە تەنها ئەو بەشە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە تاوانەکەوە هەیە و نەبووەتە هۆی ئاشکراکردنی نهێنییەکی تری کەسی کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەیسەکەوە نییە. (جياد، ٢٠١٥: ٣٤٠-٣٤١).

پرسی ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە "شوێنی تایبەت" وەکماڵەکان، یەکێکە لە پیرۆزترین بابەتەکان لە یاسای لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا. ڕەوایەتی لەم حاڵەتەدا زۆر توندترە لە هەر شوێنێکی تر، چونکە ماڵ "ڕێزی" هەیە. هەر تۆمارکردنێک لە ناو ماڵدا بەبێ مۆڵەتی خاوەن ماڵ یان بەبێ فەرمانی ڕاشکاوی دادگا، پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندییە. تەنانەت ئەگەر پۆلیسیش ئەم کارە بکات بەبێ ڕێکارە یاساییەکان، ئەوا بەڵگەکە "پوچەڵ" دەبێت. ڕەوایەتی لێرەدا تەنها پەیوەست نییە بەوەی دەنگەکە ڕاستە یان نا، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە ئایا دەسەڵاتەکان ڕێزیان لە شکۆی خێزان و شوێنی حەوانەوەی هاووڵاتی گرتووە یان نا. ئەم توندییە بۆ ئەوەیە کە ڕێگری بکرێت لە هەر جۆرە سیخوڕییەکی دەسەڵات بەسەر ژیانی ناوخۆیی خەڵکەوە کە ببێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی. (الدرابيع، ٢٠٢٣: ٦٠-٦٢). لایەنێکی تری ڕەوایەتی، پەیوەندی بە "پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان"ەوە هەیە. تۆمارکردنی تەلەفۆن ڕەوایەتی نابێت مەگەر لەلایەن کۆمپانیای گەیاندن و بە مۆڵەتی داواکاری گشتی بێت. ڕەوایەتی ئەم بەڵگەیە لە دادگادا کاتێک دەچەسپێت کە "پێویستییەکی حەتمی" هەبێت بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لە تاوانە گەورەکانی وەک تیرۆر یان بازرگانی ماددەی هۆشبەر. ئەگەر تۆمارەکە بۆ تاوانێکی بچووک بێت، ڕەنگە دادگا ڕەوایەتی لێ وەربگرێتەوە چونکە زیانی پێشێلکردنی نهێنییەکە گەورەترە لە قازانجی بەڵگەکە. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان "زیان و قازانج" بنەمایەکی سەرەکییە لە دیاریکردنی ڕەوایەتی هەر بەڵگەیەکی دەنگی کە لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە بەدەست هاتبێت. (شفتر، ٢٠١٤: ٢٨٥) لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە، ئەگەر تۆمارێکی دەنگی ڕەوایەتی یاسایی نەبێت، نەک هەر ناتوانرێت وەک بەڵگە بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسەی تۆمارەکەی کردووە

رووبەرووی سزای بەندکردن یان غەرامە ببێتەوە. ئەم بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوە دانراوە تاوەکو ڕەوایەتی "بەڵگە" بپارێزرێت و خەڵک پەنا نەبەنە بەر کاری نایاسایی. ڕەوایەتی بەڵگەی دەنگی لە دادگادا پەیوەستە بەوەی کە ئایا کەسەکە بە "نیازپاکییەوە" کارەکەی کردووە یان بۆ زیان گەیاندن. ئەگەر سەلمێنرا مەبەست لێی تەنها ئابڕووبردن بووە، ئەوا دادگا هیچ کات ڕەوایەتی بەو تۆمارە نادات، تەنانەت ئەگەر هەموو قسەکانی ناوی ڕاستیش بن. ئەمە نیشان دەدات کە یاسا هەمیشە پاراستنی "کەسایەتی مەعنەوی" تاک بە گرنگتر دەزانێت لە سەلماندنی تاوانێکی سادە لە ڕێگەی نایاساییەوە. (البالیسانی، ٢٠١٩: ٣٧٠-٣٧٢). دەتوانین بڵێین ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە بەڵگەی تاوانکاریدا ڕەهای نییە و هەمیشە لە ژێر چاودێری "ویژدانی دادوەر" و دەقە یاساییەکاندا دەمێنێتەوە. هەرچەندە تەکنەلۆژیا ئاسانکاری بۆ تۆمارکردن کردووە، بەڵام یاسا بەربەستی توندی داناوە تاوەکو ئەم ئاسانکارییە نەبێتە هۆی تیرۆرکردنی کەسایەتی یان تێکدانی ژیانی خەڵک. ڕەوایەتی لێرەدا وەک "مانتەرێکی یاسایی" وایە کە تەنها ڕێگە بەو بەڵگانە دەدات بچنە ناو حوکمی دادگا کە بە ڕێگەیەکی سپی و ڕوون و بێگەرد بەدەست هاتوون. ئەگەر گومانێک هەبوو لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی دەنگەکە، یان لە ڕاستی و دروستی دەنگەکە، ئەوا ڕەوایەتییەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دادگا پشتگوێی دەخات. ئەمەش بنەمایەکی زێڕینە لە دادپەروەریدا کە دەڵێت: "هەر بەڵگەیەک بە نایاسایی بێت، ئەوا ڕەوایەتی نییە و هیچ کاریگەرییەکی یاسایی دروست ناکات". (العجارمة، ٢٠١٩: ٤٠-٤١).

لە سیستەمی یاسایی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان وەک بەڵگەیەکی زانستی نوێ سەیر دەکرێت، بەڵام ئەم ڕەوایەتییە ڕەها نییە و پابەند کراوە بە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی تاک. بەپێی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، نهێنیی پەیوەندییە تەلەفۆنی و کەسییەکان پارێزراوە و نابێت دەستکاری بکرێن یان تۆمار بکرێن مەگەر بە بڕیاری دادوەر. لێرەوە، ڕەوایەتی هەر تۆمارێکی دەنگی لە دادگاکانی هەرێم و عێراقدا لەسەر بنەمای "ڕەوایەتی ڕێکارەکان" بونیاد دەنرێت. ئەگەر تۆمارەکە بەبێ مۆڵەتی دادوەری لێکۆڵینەوە ئەنجام درابێت، وەک پێشێلکارییەکی دەستووری هەژمار دەکرێت. دادوەرانی عێراق جەخت لەوە دەکەنەوە کە پاراستنی ئازادییە کەسییەکان لە پێشترە لە دۆزینەوەی ڕاستی بە ڕێگەی نایاسایی، چونکە هەر بەڵگەیەک لەسەر بنەمای نایاسایی بونیاد بنرێت، خۆشی بە نایاسایی و پوچەڵ دادەنرێت و نابێتە بنەما بۆ حوکمی دادگا. یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراق (ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١) کە لە هەرێمی کوردستانیش کاری پێ دەکرێت، لە ماددەکانی تایبەت بە پشکنین و دەستبەسەرداگرتن، ئاماژە بە ڕێکارە یاساییەکانی بەدەستهێنانی بەڵگە دەکات. ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لێرەدا پێویستی بەوەیە کە دادوەری لێکۆڵینەوە فەرمانی ڕاشکاو دەربکات بۆ چاودێریکردنی پەیوەندییەکان یان تۆمارکردنی دەنگ لە کەیسە مەترسیدارەکاندا. ئەم جۆرە بەڵگەیە وەک "بەڵگەی نوسراو" یان "شایەتیدانی دەنگی" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. گرنگیی ئەم ڕەوایەتییە لەوەدایە کە دادگا دەبێت دڵنیا بێتەوە کە تۆمارەکە بە مەبەستی چەسپاندنی دادپەروەری بووە نەک بۆ مەبەستی سیخوڕی یان زیان گەیاندن بە ناوبانگی کەسەکان. ئەگەر تۆمارەکە لەلایەن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پۆلیسەوە بەبێ بوونی مۆڵەتی دادوەری پێشوەختە ئەنجام درابێت، ڕەوایەتییەکەی لەدەست دەدات و دادوەر ناتوانێت لە بڕیاری کۆتاییدا پشتی پێ ببەستێت.

لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی فراوانی مۆبایل، ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە کەیسەکانی هەڕەشە و ناوزڕاندندا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە. دادگاکانی هەرێم لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر جەخت لەسەر "ڕەسەنایەتی" دەنگەکە دەکەنەوە. بۆ ئەوەی تۆمارێکی دەنگی ڕەوایەتی هەبێت، دەبێت ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوانکاری بکرێت تاوەکو لە ڕێگەی تاقیگەی دەنگناسییەوە دڵنیا ببنەوە کە دەنگەکە هی خودی تۆمەتبارەکەیە و هیچ دەستکارییەک یان بڕین و لکاندنێکی تێدا نەکراوە. ڕەوایەتی تەکنیکی لێرەدا دەبێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ ڕەوایەتی یاسایی؛ واتە ئەگەر شارەزایانی دەنگناسی گومانیان لە ڕاستی دەنگەکە هەبێت، دادوەر ناتوانێت وەک بەڵگەیەک دژی تۆمەتبار بەکاری بهێنێت. ئەم وردەکارییە لە یاسای بەڵگەکانی عێراق و هەرێمدا وای کردووە کە تۆمارە دەنگییەکان وەک بەڵگەی هاوکار و پاڵپشتیکەر سەیر بکرێن. لایەنێکی تری ڕەوایەتی لە یاسای عێراقیدا پەیوەستە بە "ڕەزامەندی لایەنەکان". ئەگەر یەکێک لە قسەکەرەکان بە ڕاشکاوی ڕازی بێت بە تۆمارکردنی گفتوگۆکە، یان ئەگەر تۆمارکردنەکە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێکی وەک (ڕفاندن یان ئیبتیزاز)دا بێت، دادگاکان مەیلیان هەیە ڕەوایەتی بەو تۆمارە بدەن تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی دادوەریش لەو ساتەدا نەبووبێت. ئەمەش لەژێر ناوی "بەرگری ڕەوا لە بەڵگە" پۆلێن دەکرێت. ڕەوایەتی لێرەدا لە بەرژەوەندی قوربانیدایە تاوەکو بتوانێت تاوانەکە بسەلمێنێت. بەڵام ئەگەر تۆمارکردنەکە تەنها بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی بێت و هیچ تاوانێکی تێدا نەبێت، ئەوا ڕەوایەتی نابێت و ئەو کەسەی تۆمارەکەی کردووە خۆی ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە بەپێی ماددەکانی یاسای سزای عێراقی تایبەت بە پاراستنی نهێنییەکان.

یاسای سزای عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، لە ماددەی ٤٣٨دا، بە توندی سزای ئەو کەسانە دەدات کە نهێنییەکان بڵاو دەکەنەوە یان دەنگ و وێنەی کەسەکان بەبێ مۆڵەت تۆمار دەکەن. ئەم دەقە یاساییە ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان سنووردار دەکات و دەیکاتە کارێکی قەدەغەکراو مەگەر بۆ مەبەستی یاسایی بێت. لە هەرێمی کوردستانیش، کار بەم دەقانە دەکرێت و دادگاکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆمارانە دەکەن کە لە ڕێگەی سیخوڕی و فێڵەوە بەدەست هاتوون. ڕەوایەتی بەڵگەی دەنگی لە یاسای هەرێمدا بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا "ویستی ئازاد"ی قسەکەر هەبووە یان نا. ئەگەر تۆمەتبار لە ژێر گوشار یان بە هاندانی لایەنی بەرامبەر قسەی کردبێت و دەنگی تۆمار کرابێت، ڕەوایەتییەکەی وەک بەڵگەی دانپێدانان لاواز دەبێت و دادگا وەک نیشانەیەکی سادە سەیری دەکات. پرسی ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە "شوێنە گشتییەکان" لە هەرێمی کوردستاندا هەندێک جیاوازە. کاتێک تۆمارکردنی دەنگ لە شوێنێکی گشتیدا ئەنجام دەدرێت کە تێیدا کەسەکان چاوەڕوانی پاراستنی نهێنی ناکەن، دادگاکان ئاسانتر ڕەوایەتی بەو بەڵگانە دەدەن. بەڵام ئەگەر تۆمارەکە لە "شوێنی تایبەت" وەک ماڵ یان نووسینگەی شەخسی بێت، ڕەوایەتییەکەی پێویستی بە مۆڵەتی دادوەری ورد هەیە. هەرچەندە


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

یاسای بنەماکانی دادگاییکردن دەسەڵاتی فراوانی بە دادوەر داوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نابێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی حورمەتی ماڵەکان. ڕەوایەتی لێرەدا پارێزبەندییەکی یاساییە بۆ هاووڵاتیان تاوەکو لە دەستدرێژییەکانی پۆلیس و لایەنە ئەمنییەکان پارێزراو بن، مەگەر گومانێکی بەهێز لەسەر ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە لە ئارادا بێت. لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین ڕەوایەتی تۆمارە دەنگییەکان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا لە نێوان پێویستی سەلماندنی تاوان و پاراستنی ئازادییەکاندا چوارچێوە کراوە. ئەم جۆرە بەڵگەیە وەک "بەڵگەیەکی کاتی" سەیر دەکرێت تا ئەو کاتەی لەلایەن تاقیگەی بەڵگەی تاوانکارییەوە پشتڕاست دەکرێتەوە. ڕەوایەتی تەواو تەنها کاتێک دەچەسپێت کە سێ مەرج پێکەوە هەبن: یەکەم، هەبوونی مۆڵەتی دادوەری یان دۆخی زەرورەت؛ دووەم، ڕەسەنایەتی دەنگەکە و نەبوونی ساختەکاری؛ سێیەم، نەبوونی پێشێلکاری بۆ مافی ژیانی تایبەتی تاک. ئەم سیستمە یاساییە وا دەکات کە تۆمارە دەنگییەکان ببنە هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی دادپەروەری نەک ببنە ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی لە هەرێم و عێراقدا.

**ئەنجام**

لە یاساکانی عێراق، هەرێم و وڵاتانی تردا، "چۆنیەتی بەدەستهێنانی بەڵگە" گرنگترە لە "ناوەڕۆکی بەڵگە". ئەگەر تۆمارێکی دەنگی دانپێدانانێکی ڕاشکاویشی تێدا بێت، بەڵام بەبێ مۆڵەتی دادوەری یان بە ڕێگەی نایاسایی بەدەست هاتبێت، دادگا ناتوانێت وەک بەڵگەی سەرەکی پشتی پێ ببەستێت و بە پوچەڵ هەژمار دەکرێت. سیستەمە یاساییەکان تۆمارکردنی دەنگیان وەک شمشێرێکی دوودەم ناساندووە. لە لایەکەوە ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادییە کەسییەکان. بۆیە ڕەوایەتی ئەم بەڵگەیە تەنها لەو "ناوچە خۆڵەمێشییانەدا" دەچەسپێت کە دادوەر مۆڵەتی بۆ دەرکردوون یان لە حاڵەتی "زەرورەتی بەرگری ڕەوا"دا بن. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد، ڕەوایەتی یاسایی بە تەنها بەس نییە، بەڵکو دەبێت "ڕەوایەتی تەکنیکی"یشی هەبێت. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە دادگاکانی هەرێم و عێراق تەنها ئەو تۆمارانە وەردەگرن کە لەلایەن "بەڵگەی تاوانکاری"یەوە پشتڕاست کراونەتەوە کە دەستکاری نەکراون. تۆمارە دەنگییەکان لە زۆربەی کەیسەکاندا وەک "بەڵگەی سەربەخۆ" بۆ دەرکردنی حوکمی سێدارە یان زیندانی هەتاهەتایی بەس نین، بەڵکو زۆرجار دادگا وەک "نیشانە" یان بەڵگەیەک بۆ بەهێزکردنی دانپێدانان و شایەتیدانی شایەتەکان سوودیان لێ وەردەگرێت. یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکان ئەوەیە کە یاسای سزای عێراق و هەرێم، پاراستنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەت بە تاوان دەبینن. هەر کەسێک بەبێ مۆڵەت یان ڕەزامەندی دەنگی کەسێک تۆمار بکات، نەک هەر ناتوانێت وەک بەڵگە لە دادگا بەکاری بهێنێت، بەڵکو لایەنی بەرامبەر دەتوانێت سکاڵای لەسەر تۆمار بکات و سزای بەندکردن یان غەرامەی بۆ دەربچێت.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**ليستی سەرچاوەکان**

تێزی دکتۆرا

ساسي، مبورك (٢٠١٧): مشروعية الصوت والصورة في الإثبات الجنائي: دراسة مقارنة. أطروحة دكتوراة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة باتنة ١، الجزائر.

سليم، العمري درابلة (٢٠٢٥): حجية الدليل الرقمي في الإثبات الجنائي. أطروحة دكتوراه في القانون، تخصص القانون الجنائي والعلوم الجنائية، كلية الحقوق، جامعة الجزائر ٠١، الجزائر.

عبدالرزاق، خامرة (٢٠٢٣): علم القاضي وأثره في الإثبات الجنائي. أطروحة دكتوراه في العلوم الإسلامية، تخصص الشريعة والقانون، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة غرداية، الجزائر.

ليندا، بن طالب (٢٠١٩): الدليل الإلكتروني ودوره في الإثبات الجنائي (دراسة مقارنة). أطروحة دكتوراه في القانون، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة مولود معمري - تيزي وزو، الجزائر.

نامەی ماستەر

آمنة، هلال (٢٠١٥): الإثبات الجنائي بالدليل الإلكتروني. مذكرة ماستر في الحقوق، تخصص قانون جنائي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر - بسكرة، الجزائر.

أمين، بحري و نجم الدين، سعودي (٢٠٢٥): دور التكنولوجيا في الإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في القانون، تخصص القانون الجنائي والعلوم الجنائية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة مولود معمري - تيزي وزو، الجزائر.

البشير، بوفنيك و نعيمة، حبيب (٢٠٢٤): شهادة الشهود وحجيتها في الإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في القانون الجنائي والعلوم الجنائية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة غرداية، الجزائر.

بلعلمي، جليلة ومزري، صالح (٢٠٢٢): الدليل الرقمي والإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في الحقوق، تخصص قانون جنائي وعلوم جنائية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح - ورقلة، الجزائر.

التميمي، حسين مجيد (٢٠١٤): حجية الصوت في الإثبات الجنائي: دراسة مقارنة. رسالة ماجستير، كلية الحقوق، جامعة النهرين، العراق.

جفال، صالح عمر صالح (٢٠١٨): حجية الصوت والصورة في الإثبات الجنائي في التشريع الفلسطيني: دراسة مقارنة. رسالة ماجستير، كلية الحقوق، جامعة القدس، فلسطين.

حسن، آمال عبد الرحمن يوسف (٢٠١٢): الأدلة العلمية الحديثة ودورها في الإثبات الجنائي. رسالة ماجستير في القانون العام، كلية الحقوق، جامعة الشرق الأوسط، الأردن.

الرقيشي، محمد بن ناصر بن علي (٢٠١٨): الإثبات الجنائي في الجريمة الإلكترونية. رسالة ماجستير في الحقوق، تخصص القانون الجزائي، كلية الحقوق، جامعة السلطان قابوس، سلطنة عمان.

روحي، الكومي (٢٠١٧): وسائل الإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في الحقوق، تخصص قانون جنائي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر - بسكرة، الجزائر.

طباخ، هاجر ومقلاتي، صبرينة (٢٠٢٤): الأدلة الرقمية ودورها في الإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في الحقوق، تخصص إعلام آلي وأنترنت، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد البشير الإبراهيمي - برج بوعريريج، الجزائر.

العجارمة، نوف حسين متروك (٢٠١٩): حجية المستخرجات الصوتية والمرئية في الأثبات الجزائي: دراسة مقارنة. رسالة ماجستير، كلية الحقوق، جامعة الشرق الأوسط، عمان، الأردن.

مهدي، قصير و عبدالرحمن، بن عبو محمد (٢٠٢٤): دور الشرطة العلمية في الإثبات الجنائي. مذكرة ماستر في الحقوق، تخصص قانون جنائي وعلوم جنائية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة غرداية، الجزائر.

نورالدين، مرزوقي، و بوخروبة، مراد (٢٠٢٢): حجية الصوت والصورة في الإثبات الجنائي. رسالة ماستر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد بوضياف، الجزائر.

هدى، زوزو (٢٠٠٦): عبء الإثبات الجنائي. رسالة ماجستير في القانون الجنائي، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر - بسكرة، الجزائر.

گۆڤار و توێژینەوە بڵاوكراوەكان

أحمد، أحمد الهادي فرج (٢٠٢٣): دور التقنيات الحديثة في الإثبات الجنائي. مجلة الحق، كلية القانون - جامعة بني وليد - ليبيا، العدد ١٢.

الباليساني، حسني حممد طه (٢٠١٩): المسؤولية الناجمة عن تسجيل صوت المتكلم دون إذنه: دراسة تحليلية مقارنة. مجلة جامعة تيشك الدولية، أربيل، إقليم كوردستان.

جياد، رفاه خضير (٢٠١٥): التسجيلات الصوتية وأثرها في الإثبات الجنائي: دراسة مقارنة. مجلة أوروك للعلوم الإنسانية، جامعة المثنى، العراق، ٨(١).

الدرابيع، الوليد احمد حسين (٢٠٢٣): التسجيل الصوتي للأحاديث في الأماكن الخاصة ودورها في خدمة العدالة. المجلة العصرية للدراسات والأبحاث القانونية، رام الله، فلسطين، (١).

شفتر، محمد عبد الله دبنون (٢٠١٤): مدى مشروعية التنصت الهاتفي وتسجيل الأصوات في القانون الجنائي: دراسة مقارنة. مجلة الحق، ليبيا، (٣).

عبدالرحيم، سعدة امبارك معمر (٢٠٢٤): مشروعية التسجيل الصوتي كدليل إثبات في القانون الجنائي الليبي. مجلة الحق للعلوم الشرعية والقانونية، جامعة بني وليد، ليبيا، (١٤).

عمارة، سماء محمد السيد (٢٠٢٥): دور التكنولوجيا في مجال الإثبات الجنائي. مجلة روح القوانين، كلية الحقوق - جامعة طنطا، العدد ١٠٢.

محمد، عفاف يحيى السيد (٢٠٢٥): الأدلة الرقمية في الإثبات الجنائي. مجلة البحوث القانونية والاقتصادية (MAAL)، المجلد ٦٩، العدد ٢.

محمود، عبدالله و دراج، أسامة (٢٠٢٢): حجية التسجيل المرئي في الإثبات الجنائي في القانون الفلسطيني. مجلة جامعة الاستقلال للأبحاث، فلسطين.

منيرة، عبيزة (٢٠٢٣): التسجيل الصوتي كدليل للإثبات. مجلة طبنة للدراسات العلمية الأكاديمية، جامعة سطيف ٢، الجزائر، ٦(١).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

List of sources

Doctoral thesis

Sassi, M'Bourk (2017): The Legality of Audio and Video Evidence in Criminal Proceedings: A Comparative Study. PhD Thesis, Faculty of Law and Political Science, University of Batna 1, Algeria.

Salim, Amri Drabla (2025): The Admissibility of Digital Evidence in Criminal Proceedings. PhD Thesis in Law, specializing in Criminal Law and Criminology, Faculty of Law, University of Algiers 1, Algeria.

Abderrazak, Khamra (2023): The Judge's Knowledge and its Impact on Criminal Proceedings. PhD Thesis in Islamic Studies, specializing in Sharia and Law, Faculty of Social and Human Sciences, University of Ghardaia, Algeria.

Linda, Ben Taleb (2019): Electronic Evidence and its Role in Criminal Proceedings (A Comparative Study). PhD Thesis in Law, Faculty of Law and Political Science, Mouloud Mammeri University - Tizi Ouzou, Algeria.

Master's Letter

Amina, Hilal (2015): Criminal Proceedings Using Electronic Evidence. Master's thesis in Law, specializing in Criminal Law, Faculty of Law and Political Science, Mohamed Khider University - Biskra, Algeria.

Amin, Bahri and Najm Eddine, Saoudi (2025): The Role of Technology in Criminal Evidence. Master's thesis in Law, specializing in Criminal Law and Criminology, Faculty of Law and Political Science, Mouloud Mammeri University - Tizi Ouzou, Algeria.

El Bachir, Boufenik and Naima, Habib (2024): Witness Testimony and its Admissibility in Criminal Evidence. Master's thesis in Criminal Law and Criminology, Faculty of Law and Political Science, University of Ghardaia, Algeria.

Belmmi, Jalila and Mezri, Saleh (2022): Digital Evidence and Criminal Evidence. Master's thesis in Law, specializing in Criminal Law and Criminology, Faculty of Law and Political Science, Kasdi Merbah University - Ouargla, Algeria.

Al Tamimi, Hussein Majid (2014): The Admissibility of Voice Evidence in Criminal Evidence: A Comparative Study. Master's thesis, Faculty of Law, Al Nahrain University, Iraq.

Jafal, Saleh Omar Saleh (2018): The Admissibility of Audio and Video Evidence in Criminal Proceedings in Palestinian Legislation: A Comparative Study. Master's Thesis, Faculty of Law, Al-Quds University, Palestine.

Hassan, Amal Abdul Rahman Yousef (2012): Modern Scientific Evidence and Its Role in Criminal Proceedings. Master's Thesis in Public Law, Faculty of Law, Middle East University, Jordan.

Al-Ruqaishi, Muhammad bin Nasser bin Ali (2018): Criminal Proceedings in Cybercrime. Master's Thesis in Law, Specialization in Criminal Law, Faculty of Law, Sultan Qaboos University, Sultanate of Oman.

Rouhi, Al-Koumi (2017): Means of Criminal Proceedings. Master's Thesis in Law, Specialization in Criminal Law, Faculty of Law and Political Science, Mohamed Khider University - Biskra, Algeria.

Tabakh, Hajar and Maqlati, Sabrina (2024): Digital Evidence and Its Role in Criminal Proceedings. Master's Thesis in Law, Specialization in Computer Science and the Internet, Faculty of Law and Political Science, Mohamed El Bachir El Ibrahimi University - Bordj Bou Arreridj, Algeria.
Al-Ajarmeh, Nouf Hussein Matrouk (2019): The Admissibility of Audio and Video Evidence in Criminal Proceedings: A Comparative Study. Master's Thesis, Faculty of Law, Middle East University, Amman, Jordan.

Mehdi, Qasir and Abdelrahman, Ben Abbo Mohamed (2024): The Role of Scientific Police in Criminal Evidence. Master's Thesis in Law, Specialization in Criminal Law and Criminology, Faculty of Law and Political Science, University of Ghardaia, Algeria.

Noureddine, Marzouki and Boukhrouba, Mourad (2022): The Admissibility of Audio and Video Evidence in Criminal Proceedings. Master's Thesis, Faculty of Law and Political Science, Mohamed Boudiaf University, Algeria.

Houda, Zouza (2006): The Burden of Proof in Criminal Cases. Master's Thesis in Criminal Law, Faculty of Law and Political Science, Mohamed Khider University - Biskra, Algeria

published journals and papers
Ahmed, Ahmed Al-Hadi Faraj (2023): The Role of Modern Technologies in Criminal Evidence. Al-Haq Journal, Faculty of Law - Bani Walid University - Libya, Issue 12.
Al-Balisani, Hosni Hammad Taha (2019): Liability Arising from Recording a Speaker's Voice Without Their Permission: A Comparative Analytical Study. Tishk International University Journal, Erbil, Kurdistan Region.

Jiyad, Rafah Khudair (2015): Audio Recordings and Their Impact on Criminal Evidence: A Comparative Study. Uruk Journal of Human Sciences, Al-Muthanna University, Iraq, 8(1.(

Al-Darabieh, Al-Walid Ahmed Hussein (2023): Audio Recording of Conversations in Private Places and Its Role in Serving Justice. The Modern Journal of Legal Studies and Research, Ramallah, Palestine, (1.(

Shafter, Muhammad Abdullah Dabnoun (2014): The Legality of Telephone Wiretapping and Voice Recording in Criminal Law: A Comparative Study. Al-Haq Journal, Libya, (3.(

Abdulrahim, Saada Mubarak Muammar (2024): The Legality of Audio Recording as Evidence in Libyan Criminal Law. Al-Haq Journal for Sharia and Legal Sciences, Bani Walid University, Libya, (14.(

Amara, Samaa Muhammad Al-Sayed (2025): The Role of Technology in Criminal Evidence. Ruh Al-Qawanin Journal, Faculty of Law - Tanta University, Issue 102.

Muhammad, Afaf Yahya Al-Sayed (2025): Digital Evidence in Criminal Evidence. Journal of Legal and Economic Research (MAAL), Volume 69, Issue 2.

Mahmoud, Abdullah and Daraj, Osama (2022): The Admissibility of Video Recording in Criminal Evidence in Palestinian Law. Al-Istiqlal University Journal for Research, Palestine.

Munira, Abiza (2023): Audio Recording as Evidence. Tabna Journal for Academic Scientific Studies, Setif 2 University, Algeria, 6(1).